دیمۆکراسی بۆ ئێران     خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان


ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٨١     ١٩ی فێوریەی ٢٠٠٣     ژمارە ٣٥٩     ١٥٠ تمەن

## لیکۆلەرانی مافی مرۆڤ لە تاران خەریکی جیبەجی کردنی ئەرکە پیسپیردراوەکانیانن

دەستەیەك لە لیکۆلەرانی مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە سەرپەرستیی "لوویی ژوانە" ئەندامی دیوانی بەرزی فەرانسە، لە رۆژی شەمە ٢٦ی ریبەندانەوە لە تارانن. ئەوە یەکەم دەستە لە لیکۆلەرانی نیونەتەوەیین کە پاش ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە سالی ١٩٩٦دا پیشی سەفەری "موریس کاپیتۆرن" بۆ ئیرانی گرت، سەردانی ئەو ولاتە دەکەن. مەئموورییەتی سەرەکیی ئەو گرووپە لیکۆلینەوە لەبارەی گرتن‌و زیندانی کردنی لەخۆوەیە.

رۆژی ٣٠ی ریبەندان ئەحمەد زەیدئابادی، رۆژنامەنووس، لە وتوویژ لەگەلٚ رادیۆی فەرانسەدا گوتی: "لیکۆلەرانی مافی مرۆڤیان بردۆتە بەشی زیندانی‌یە ئاسایی‌یەکانی بەندیخانەی ئیوین‌و بەرپرسانی زیندان پیشی چاوپیکەوتنی ئەوان لەگەلٚ زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانیان گرتوە." ئەو گرووپە لە ماوەی ١٢ رۆژ مەئموورییەتی خۆی‌دا، سەردانی ژمارەیەك لە زیندانەکانی ئیران دەکاو لەبارەی ژمارەیەکی زۆر زیندانیی سیاسی کە چەندین زیندانیی سیاسیی کوردو ئەندامی حیزبی دیمۆکراتیشیان لەنیو دایە، لیکۆلینەوە دەکا.



٢٢ی ریبەندانی ٥٧، رۆژی سەرکەوتنی ئیرادەی خەلکی ئیران بەسەر دیکتاتۆریی پەهلەوی‌دا

## ریورەسمەکانی دەیەی فەجر لە کوردستان بە ساردو سری بەریوەچوون

ریورەسمەکانی بەناو دەیەی فەجر لە کوردستان لەگەلٚ پیشوازیی ساردو سری خەلك بەرەوروو بوون. بە پیی ئەو راپۆرتانەی کە بە "کوردستان" گەیشتوون، ریورەسمەکانی ٢٢ی ریبەندان لە هەموو شارەکانی کوردستان بە ساردو سری‌یەکی بەرچاوەوە بەریوە چوون. ئەوەش لە حالیك دایە کە ریژیم لە ریگەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیەوە بە ناردنی بەخشنامە بۆ هەموو ئیدارە دەولەتی‌یەکان‌و هینانە مەیدانی بەسیج‌و هیزە چەکدارەکانی خۆی بۆ بەشداریی چالاکانە لەو ریورەسمانەدا، هەولی ئەوەی دا تا سالوەگەری هاتنە سەرکاری خۆی بە شکۆوە بەریوە بەرن. بەلاٚم سەرەرای ئەو هەموو هەولاٚنە خەلك بە گشتی بە گوینەدان بە داوای ریژیم‌و بە هیندنەگرتنی بەخشنامەکان بە ساردی‌و بە بیٚ تەفاوەتی‌یەوە لەگەلٚ ئەم مەسەلەیە بەرەوروو بوون.

به بونەی تیروری تیکوشەری لەمیژینە شەوکەتی حاجی موشیرەوە

### دەفتەری سیاسیی حیزب سەرەخوشیی لە مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان کرد.

دەقی پەیامی سەرەخۆشیی دەفتەری سیاسیی حیزب لە لاپەری ٢ دایە.

### بەربوونەوەی فرۆکەیەکی نیزامیی ئیران لە کرمان

دەوروبەری سەعات ٦/٣٠ی دوانیوەرۆی ٣٠ی ریبەندان بە کاتی تاران، فرۆکەیەکی نیزامیی ئیران کە لە زاهیدانەوە بەرەو کرمان دەچوو، لە ٣٠ کیلومیتریی فرۆکەخانەی ئەو شارە بەربۆوە. فرۆکەکە ٣٠٢ کەسی تیٚدا بوو و سەر بە لەشکری ٤١ی سپای پاسدارانی زاهیدان بوون. ئەوان دەچوون ئامادەکاری پیویست بە مەبەستی سەفەری خامەنەیی بۆ ئەو شارە بکەن.

لە بەرەبەری هاتنی لیکۆلەرانی تایبەت بە مافی مروف بو ئیران‌دا

## کوماری ئیسلامی بریاری ئیعدامی ئاغاجەریی هەلٚوەشاندەوە



کوماری ئیسلامی کە لە چەند حەوتووی رابردوودا بۆ وەدەستهینانی رەزامەندیی یەکیەتیی ئورووپا، دەرکردن‌و بەریوە بردنی حوکمی بەردبارانی راگرت‌و کوتایی بە گەمارودانی مالی ئایەتوللا مونتەزیری هینا، روژی ٢٦ی ریبەندان لە زمانی راویژکاری لقی ٢٧ی دیوانی بەرزی ولاٚتەوە رایگەیاند کە حوکمی ئیعدامی هاشمی ئاغاجەریی هەلٚوەشاندوتەوە.

هاشمی ئاغاجەری پووشپەری ئەمسال دوای پیشکیش کردنی وتاریك لە زانستگەی هەمەدان لە ژیر ناوی پروتستانیسمی ئیسلامی‌دا، بە سووکایەتی بە پیغەمبەرو رەتکردنەوەی بنەما روون‌و ئاشکراکانی دین تاوانبارو موحاکەمە کراو، لە لایەن لقی ١٤ی دادگای هەمەدانەوە، سزای ئیعدامی بە سەردا سەپینرا.

دەرچوونی ئەو حوکمە خوپیشاندانی بەربلاٚوی زانستگەکانی سەرانسەری ولاٚتی لە پاییزی رابردوودا بە دواوە بوو. حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی نیوخوو بیزاری دەربرینی کورو کومەلە مروڤدوستەکانی دەرەوەی ولاٚت، خامەنەیی ناچار کرد داوا لە دەزگای قەزایی بکا چاو بە حوکمەکەدا بخشینیتەوە. دەزگای ناوبراو هەتا ئیستا خوی لە جی‌بەجی کردنی ئەم داوایە دەبوارد. بەلاٚم وادیارە لە باری سیاسی‌و تەبلیغاتی‌یەوە، کاتی هاتنی هەیئەتی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی، بە وەختیکی گونجاو بو جی‌بەجی کردنی ئەو داوایە زانیوە.

## داننانی خاتەمی بە توانای ئەتومیی ریژیمدا!

محەممەدی خاتەمی سەروك کوماری ریژیم لە بەرەبەری ٢٤ سالەی هاتنە سەر کاری کوماری ئیسلامی‌دا گوتی: پسپورانی ئیران لە ٢٠٠ کیلومیتری شاری یەزد کانگەی ئورانیومیان دوزیوەتەوەو توانیویانە دامەزراوی بەرهەم‌هینانی ئورانیوم لە ئیسفەهان‌و کاشان دروست بکەن.خاتەمی لەگەل داننان بە دەرهاتنی ئورانیوم لە کانگە ناوبراوەکان لە لایەن پسپورانی ئیرانی‌یەوە، جاریکی دیکە ئەو ئیددیعایەی دووپات کردەوە کە کوماری ئیسلامی ئەو تواناو ئیمکاناتە بو مەبەستی ئاشتیخوازانە بە کار دینی‌و بە بریارو ریوشوینە نیونەتەوەیی‌یەکان لەو پیوەندی‌یەدا پابەندە.

"ریچارد بوچیر"، وتەبیژی وەزارەتی دەرەوە لەو بارەوە گوتی: "ئیمە هەروا نیگەرانیی یەکجار زوری خومان لەو شتە کە پیی دەگوتری بەرنامەی هەستەیی ئیران، رادەگەینین‌و بە ریخوشکەری بەرنامەی بەرهەم هینانی چەکی ئەتومیی دەزانین". روژی سی‌شەممە ٢٢ی ریبەندان، ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و یەکیەتیی ئورووپاش، داوایان لە ریژیمی ئیران کرد پرۆتۆکۆلیك کە ریگا دەدا لیکۆلەرانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرنامە ئەتومی‌یەکانی پتر بخەنە ژیر چاوەدیری، ئیمزا بکا. قەرارە بە زوویی محەممەد ئەلبەرادعی، سەروکی "ئاژانسی نیونەتەوەیی وزەی ئەتومی" سەردانی ئیران بکا. ئەو داننانەی خاتەمی بە توانا ئەتومی‌یەکانی ریژیمەکەی لە بەرەبەری ئەو سەفەرەدا، بو ئەوەیە بەر لەوەی لیکولەرانی دەرەوە، تواناکانی ئیران هەلسەنگینن‌و لە قاوی بدەن، خویان کەمیکی لی ئاشکرا بکەن.

لەگەل ئەگەری بەهیزبوونی هیرشی ئەمریکا بو سەر عیراق

## شارە گەورەکانی جیهان شاهیدی خوپیشاندانی بی‌وینە دژی شەر بوون



Anti-war demonstration in Melbourne, February 14, 2003 / REUTERS

شەپولیکی کەم وینە لە خوپیشاندان‌و ریپیوانی دژ بە شەر، شارە گەورەکانی سەرانسەری جیهانی داگرت.

دوا بە دوای ئەوەی هانس بلیکس (سەروکی لیکولەرانی چەکە کوکوژەکان)و محەممەد ئەلبەرادعی (سەروکی ئاژانسی نیونەتەوەیی وزەی ئەتومی) راپورتەکەی خویان لە بارەی تواناکانی عیراق لەو دوو بوارە لە ١٤ /٢/ ٢٠٠٣دا پیشکیشی ئەنجومەنی ئاسایش کرد، ئەگەری هیرشی نیزامیی ئەمریکا بو سەر عیراق بە هیزتر بوو. بە مەبەستی پیشگیری لەو هیرشە، نیویورك، پاریس، بیرلین، مادرید، ئاتین، ئەستانبول، تەل‌ئاویو، قاهیرە، ژوهانسبورگ، جاکارتا، کوالالامپوور، هونگ کونگ، لاهوور، بانکوك، سیدنی، بریسبان، ئادلایدو میلبورن لەوشارانە بوون کە ریپیوانی سەدان هەزار کەسیی نەیارانی شەریان بە خویانەوە دیت. ریکخەران‌و پیکهینەرانی ئەو بزووتنەوە گەورەیەی دژ بە شەر بریتی بوون لە گرووپ‌و ریکخراوەکانی دژی بە جیهانیبوون، یەکیەتی‌یە کریکاری‌یەکان، تیکوشەرانی بزووتنەوەی چەپ‌و ریکخراوەکانی لایەنگری مافی مروڤ.

هەوالدەری‌یەکان ژمارەی خوپیشاندەرانی روژی ١٥ / ٢٠٠٣/٢یان بە زیاتر لە دە میلیون کەس بەراورد کردو بە گەورەترین بیزاری دەربرین لە شەر لە دوای کوتایی هاتنی شەری دووهەمی جیهانییان دانا. لەو ریپیوان‌و خوپیشاندانانەدا، ژمارەیەکی زور لە هونەرپیشەو گورانیبیژە بە ناوبانگەکانی جیهان، کەسایەتی‌یەکانی ئاشتیخوازو دژ بە شەرو کەسوکاری قوربانی‌یەکانی کارەساتی ١١ی سیپتامبر بەشدار بوون‌و قسەیان کرد. لە بەرانبەر ئەوەدا بووش سەروك کوماری ولاٚتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو تۆنی بلیر سەروك وەزیرانی بریتانیاش رایانگەیاند کە ئەمجورە حەرەکەتانە شوین لە سەر بریاری نیهایی ئەوان لە پیوەندی لەگەل شەری ئیحتیمالی لەگەل عیراق‌دا دانانین.

٢ بەرەو تەحریمی هەلبژاردنی شوورا ئیسلامی‌یەکان لە کوردستان‌دا
٣ بە دەسەلاٚت گەیشتنی خومەینی، دەسپیکی کارەسات
٤ رۆشنبیری کوردو سالیکی دیکە لە بەرپرسیارەتی‌و داهینان
٩ میللی مەزهەبی‌یەکان بە هانای کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەچن
١٠ لە پیوەندی لەگەلٚ سەفەری کریس پاتین بۆ ئیران‌دا
١٠ بەرەو هاوکاریی هیزەکانی ئۆپوزیسیون‌و کار کردن بۆ دانانی پلاتفورمیکی پیشکەوتنخوازانە
لەگەلٚ ئەم ژمارەیەدا: "دنیای مندالاٚن" پاشکۆی کوردستان

# بەرەو تەحریمی هەڵبژاردنی شوورا ئیسلامی‌یەکان لە کوردستان‌دا

**میلاد**

**"هیندیك کەس خۆیان کاندید کردوەو "رقابت"یکی "ناآگاهانە" کەوتۆتە نیوان خەلکەکەو هەر کەسە سەعی دەکا مەسەلەن خزمەکەی خۆیو دۆستەکەی خۆی سەربکەوێ . . . لەو ئینتیخاباتەدا هەر کەس هەڵ بژیردرێو هەر کەس هەڵ نەبژیردرێ "برندە" تەنیا جمهووری ئیسلامی‌یەو ئەوانی دیکە دۆراندوویانە"**

**عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە**

**سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**

لە ژمارەی ٣٥٧ی "کوردستان"داو لە وتاریك لە ژیرناوی "بەرەوتەحریمی هەلبژاردنی شووراکانی شارو دێ"دا هاتبوو: "گومانی تیدا نیە کە هەلبژاردنی شوورا ئیسلامی‌یەکانی ریژیم لە کوردستان‌دا بە سەرنجدان بە تەحریمی لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە لەگەڵ شکستیکی بەرچاو بەرەوروو دەبێ". ئەم تەحریم کردنەش سەرنجی خەلکی بۆ لای خۆی راکیشاوەو شوینی دیاری هەبووە لە بەشداری نەکردنی خەلکی لەم گالتەجاری‌یەدا. هەر بۆیە ژمارەی ئەو کەسانەی خۆیان بۆ شووراکان کاندید کردوە ناگاتە ٢٠٪ی دەورەی یەکەمی ئەم هەلبژاردنانە. دەورەی دووهەمی هەلبژاردنی شووراکان لە شارەکانی دیکەی ئیرانو یەك لەوان لە شاری تاران لەگەڵ هەلسوکەوتی ساردو سری خەلك بەرەوروو بووە. ژمارەی کاندیداکان لە تاران ١٧٠٠ کەس راگەیەندراوە، ئەوە لە حالیك دایە کە هەر لەم شارەداو لە دەورەی یەکەمی ئەم هەلبژاردنانەدا نیزیك بە ٤٠ هەزار کەس خۆیان کاندید کردبوو.

ریژیم رۆژانی ٩ تا ١٦ی بەفرانباری بۆ کاندیدا بوون دیاری کردبوو کە خەلکیکی زۆر کەم ناونووسییان کردبوو. تەنانەت لە زۆربەی گوندەکانی کوردستان‌دا بە هۆی ئەوەی کەس نەیویستوە خۆی کاندید بکا، ریژیم کەوتۆتە هەرەشەو گورەشە لە خەلك بەو مانایە ئەگەر ناونووسی نەکەن لە ئیمکاناتی ئیداریو دەولەتی بێبەش دەکرین! هەر بۆیە چاوەروان دەکرێ کە بە هۆی پیشوازی ساردو سری خەلكو بێمەیلییان بۆ خۆ پالاوتن، هەلبژاردنی رەشەمەی ئەمساڵ بە شتیکی ئابرووبەرانە بۆ ریژیم کۆتایی پێ بێ. هەر بۆیە بۆ پیشگیری لە ئەگەریکی ئەوتۆ، دامودەزگاکانی ریژیم لە کوردستان هەر لە ئیستاوە کەوتوونەتەخۆ کە سیمایەکی دیکە بەم هەلبژاردنانە بدەنو لەو پیوەندی‌یەدا دەستیان داوەتە دارشتنی کۆمەلیك پیلان بۆ گەرم کردنی بازاری ئەم شانۆسازی‌یە. یەکیك لەو پیلانانە وروژاندنی هەستی تایفەگەریو ناوچەگەریو خەلکی نیشاندانی ئەم هەلبژاردنانەو لە بەرانبەر یەك دانانی کاندیداکان لە حەوزەکانی هەلبژاردن لە شارو گوندەکان‌داو جۆریك رکەبەرایەتی ناسالم لە نیوان لایەنگرانی ئەو بەرە پالیوراوانەی کە ریژیم لە هەولی دەستنیشانکردنیان دایە وەك ئەندامی شووراکان. لیرەدا بۆ روونبوونەوەی بیروڕای گشتی خەلکی کوردستان بە نیسبەت ئەم پیلانانەی ریژیم، ئاماژە کردن بە دوو خالی گرنگ بە پیویست دەزانین:

۱ـ هەستی تایفەگەریو ناوچەگەری:

گومانی تیدا نیە کە یەکیك لەو ئامرازانەی کە ریژیمە نادیموکراتیکەکان بۆ راکیشانی هەرچی زیاتری خەلك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان کەلکی لێوەردەگرن وروژاندنی هەستی تایفەگەریو ناوچەگەری‌یە.

ئەمەش لە یەك رستەدا نەتەنیا ناعەقلانی بوونی هەلبژاردنەکان دەردەخا، لە لایەکی دیکەوە بێحورمەتی‌یەکی ئاشکرا بە ئیحساساتی خەلکانیکە کە ئەوان لە رەوتی تەحریمی هەلبژاردن دوور دەخاتەوە. بەو حالەش یاریکردن بە هەستی تایفەیی‌و ناوچەگەری، شاردنەوەو گالتە کردن بە شعووری سیاسیو بە هیند نەگرتنی داخوازە فەرهەنگیو کۆمەلایەتی‌یەکانی خەلکە. ریژیم کە هیوایەکی زۆری بە گەرم کردنی بازاری ئەم شانۆسازی‌یە نیەو لە بەرانبەر بێ مەیلی خەلکی لە چوون بۆ سەر سندووقەکانی هەلبژاردن تەما براو بووە، دەیەوێ بە لە بەرامبەر یەك دانانی چەند تایفەو ناوچەو وروژاندنی کۆمەلیك کیشەی کاتیو هەڵایسانی رکەبەرایەتیی پووچو بێبایەخ، زۆرترین خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان راکێش بکاو بەم شێوەیە لە کۆی ئەم ناکۆکییانە، زۆرترین دەنگ بە مەبەستی مەشروعییەتێکی درۆیین بەم هەڵبژاردنانە لە چەواشەکردنی بیروڕای گشتی خەڵك کەڵك وەربگرێ؟ لە راستی‌دا لەم جۆرە شانۆسازی‌یەدا گرنگ نیە کێ دەبێتە شوورا، گرنگ ئەوەیە زۆرترینی دەنگەکان برژێنە سندووقەکانو نوێنەری هەڵبژێردراویش لەم جۆرە گاڵتە جاری‌یەدا پێش ئەوەی نوێنەری راستەقینەی حەوزەیەکی هەڵبژاردن بێ، نوێنەری دڵخوازی ئەو حکوومەتەیە کە بە شوێنی مەشرووعییەتی "کاذب"ی خۆیدا دەگەرێ. هەر بۆیە تەسلیم بوون بەم پیلانەی

رێژیم نەتەنیا گاڵتە کردن بە شعووری سیاسی خەڵکە، بەڵکوو نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکیو لە هەمووی بانتر بێئیعتبار کردنی ئاشکرای ئەو کەسانەیە کە ئەو پۆستە وەردەگرن.

۲ـ خەڵکی نیشاندانی هەڵبژاردن:

یەکێك لەو سیاسەتانەی کە رێژیمی ئیسلامی بە دوای هەڵبژاردنەکانی ۲ی جۆزەردانی ۱۳۷٦و بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شەشەمو دەورەی یەکەمی شووراکان پێرەوی کردوەو کاری لە سەر دەکا، میللی نیشاندانی ئەم هەڵبژاردنانەیە. رێژیم لەم سیاسەتەی‌داو بە تایبەت لە هەڵبژاردنی شوورا ئیسلامی‌یەکان‌دا بانگەشەی ئەوە دەکا کە خەڵکی لە رێگای شووراکانەوە دەتوانن بە سەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بنو بەریوەبەری کاروباری ناوچەو شارو گوندی خۆیان بنو کۆمەلیك ئەفرادی ناوچەیی لە ژیر چەتری شوورا دەبنە ناوەندیکی وەلامدەر بۆ پیراگەیشتن بە داخوازەکانی خەلکی. لە راستی‌دا لە دەورەی یەکەمی ئەم هەلبژاردنانە بەو هیوایە کە کاروباری خەلکی بکەویتە دەستی خەلك ئەم بازارە سیمایەکی دیکەی بە خۆی گرت. بەلام کە کاری چوار سالی ئەم شوورایانە پیچەوانەی ئەمەی نیشاندا، بۆ هەمووان روونو ئاشکرا بۆوە کە شووراکان چووکەتر لەوەن کە جیبەجێ کەری ئەم ئەرکە بن. خەلکی نیشاندانی ئەم بازارەش جگە لە کەلك وەرگرتنی سیاسی بۆ ریژیمو گالتە کردن بە داخوازە میللی‌یەکان شتیکی دیکەی لی سەوز نەبوو. بیگومان بۆ میللیی نیشاندانی دەورەی دووهەمی شووراکانو گەرمکردنی ئەم بازارە، پالیوراوانی ریژیم لە ژیر ناوی "هاووڵاتی"، "هاوشاری"و "هاوزمان"و رەنگە بە بەکار خستنی کارناڤالی گۆرانییو مۆسیقاو بە خویندنەوەی شیعری بەسۆزی نیشتمانیی شاعیرانی نیشتمانپەروەر بیانەوێ بۆ راکیشانی سەرنجی خەلکی بۆ لای ئەم شانۆسازی‌یە لایەنی نەتەوەیی بەم هەلبژاردنانە بدەن. بەلام ئەوەی کە هەتا ئیستا دەرکەوتوە یاریکردن بە ئیحساساتی نەتەوەیی‌یە، نەك بە هیندگرتنی داخوازە میللیو ناوچەیی‌یەکان. لە لایەکی دیکەشەوە دەبێ ئەم راستی‌یەش قبووڵ بکەین کە کوردبوونی پالیوراو هۆکاری سەرەکی لە هەلبژاردن‌دا بە حیساب نایەت بەلکوو میلليی بوونی هەلبژاردنیك دەگەریتەوە بۆ بە هیند گرتنی داخوازە میللی‌یەکانو ملکەچبوونی حاکمییەت لە بەرانبەر ئەم داخوازی‌یانەدا. ئەو وەعدەو بەلینانەی کە پالیوراوانیش تەحویلیان دەدەن سەرەرای سواو بوونیان لە چوارچیوەی ئەرکی شووراکان کە لە ژیر ناوی "ئەرکو چوارچیوەی شووراى ئیسلامیی شار"و لە ١٢ بەندا گەلاڵە کراوە بە هیچ شیوەیەك بەدی نایەن. چونکە لە شارەکانی کوردستان ئەوە شووراکان نین کە بریاری نیهایی لە سەر داخوازەکانی خەلکی دەدەن، بەلکوو ئەوە ئەو ناوەندو ئورگانە ناهەلبژیردراوانەن کە لە سەرووی شووراکان‌دا هەڵکەوتوونو وەك نوینەرانی حاکمییەت بالیان بەسەر کومەلی کوردی‌دا کیشاوە. لە هەمووی گرنگتر دیدی ریژیم بە نیسبەت کوردستانەوە، دیدیکی ئەمنییەتی‌یەو ئەمەش بووە بە هۆی دامەزرانی دەیان مۆلگەو پادگانو هیزی نیزامیی سەرکوتگەر لە کوردستان‌داو قسەی ئاخریش ئەوان دەیکەن نەك نوینەرانی دەرهاویژراو لەم گالتەجارییانە.

سەرەنجام:

بەو حالەش لە کوردستانی میلیتاریزکراو، لە کوردستانیك‌دا کە داخوازە سیاسیو فەرهەنگی‌یەکانی خەلك پشتگوێ دەخرینو هەستی نەتەوایەتی تەنیاو تەنیا بۆ گەرمکردنی بازاری هەلبژاردن کەلکی لیوەردەگیرێ، هەلبژاردن چ مانا و نیوەرۆکیکی هەیە؟ ئەم هەلبژاردنانە پیش ئەوەی لە باوەربوونی ریژیم بە داخوازەکانی خەلکەوە سەرچاوەی گرتبێ، لەو هەولانەوە سەرچاوە دەگرێ کە ریژیم بە مەبەستی رەواییدان بە ساختاری خۆی لە بەرانبەر بیروڕای گشتیی جیهان خستۆتە گەر. کەواتە کاتی ئەوە هاتوە کە خەلکی کوردستان بە تەحریمی یەکجاریی ئەم گالتەجاری‌یە رەوایی ئەم ریژیمە بۆ جاریکی دیکە بخەنە ژیر پرسیارەوەو بەم شیوەیە سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ لای داخوازە پشتگوێ خراوەکانیان راکیشن.




**هەلبژاردنی شووراکان پیش ئەوەی لە باوەری ریژیم بە داخوازەکانی خەلکەوە سەرچاوەی گرتبێ، لەو هەولانەوە سەرچاوە دەگرێ کە ریژیم بە مەبەستی رەواییدان بە ساختاری خۆی لە بەرانبەر بیروڕای گشتیی جیهان‌دا خستوویەتی‌یە گەر.**

## پەیامی سەرەخۆشی

**بەریز مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان**

**لەگەڵ سلاو و ریز**

**تیرۆری تیکۆشەری ناسراوی کورد کاك شەوکەتی حاجی موشیرو هاوریکانی بە غەدرو پەیمان شکینی بە توندی مەحکووم دەکەینو بەم بۆنەیەوە ویرای گەرمترین سەرەخۆشی لە ئیوەی بەریزو بنەمالەی سەربەرزی شەهیدەکانو ئەندامانو لایەنگرانی یەکیەتیی نیشتمانیو تیکرای خەلکی کوردستان سەبووری بۆ هەموو لایەك بە ئاوات دەخوازین.**

**کاك شەوکەتی شەهید لە زۆر مەیدانی فیداکاریو قارەمانەتی دا لە ریزی پیشەوەی تیکۆشەرانی کورد دا بوو. یەکیك لەو مەیدانانەش کە ئیمە هەرگیز لەبیری ناکەین بەشداری چالاکانەی لە هیزی پشتیوان دا بوو کە وەك لاپەریکی زیرین لە میژووی گەلەکەمان دا دەدرەوشیتەوە.**

**بەو ئاواتە کە ئەمە دوا رووداوی لەم چەشنە بێو تیرۆرو تیرۆریزم بۆ هەتا هەتایە لە کوردستانو ناوچەو سەرانسەری جیهان دا بە زوویی ریشەکیش بکرین.**

**دەفتەری سیاسیی**

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**

**٢٠٠٣/٢/١١**

**١٣٨١/١١/٢٢**

## کاربەدەستانی ریژیم لە زور بوونی ژمارەی کچانی خویندەوار نیگەرانن



هەوالنووسی سایتی "زنان ایران" لە زمانی سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە رای‌گەیاند: هەر ئیستا نیگەرانی لە بەرەو ژوور چوونی ژمارەی ئەو کچانەی خویندنی زانستگە تەواو دەکەن، هیندیك لە دامو دەزگاکانی داگرتوەو بووە بە هوچی ئەوە بەرپرسان لە بیری وەستاندنی ئەو رەوتەدا بن. هەر بە وتەی ئەو سەرچاوەیە وەزارەتی خویندنی بەرز خەریکی بریاردان لە بارەی ئەو ریگا چارانەن کە دەکری بە نهینی بە مەبەستی پیشگیری لە زور بوونی ئاماری خویندکارانی کچو کچانی خویندن تەواو کردوو (لەچاو کوران) کەلکیان لیوەربگیری.

ئامارو زانیاری‌یەکان نیشان دەدەن کە زیاتر لە ٦٠٪ی خویندکارانو پتر لە ٥٠٪ ی خویندن تەواو کردوان (فارغ التحصیلان)ی ولات لە ژنان پیك دین. خوبواردنی کچانی خویندن تەواو کردوو لە شووکردن بەو پیاوانەی زانستگایان تەواو نەکردوە، یەکیك لە ئاکامەکانی ئەو رەوتەیە.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

# به دەسەڵات گەیشتنی خومەینی، دەستپێکی کارەسات

کەریم پەرویزی

٢٤ ساڵ لە تەمەنی ڕێژیمێك تێدەپەڕێ کە بە کردەوەکانی خۆی جیهانی خستە سەرسورمانەوە. ٢٤ ساڵ حکوومەتی شمشیر، ٢٤ ساڵ حکوومەتی زەبرو زۆرو چەواشەکاری.

لە سالی ١٣٥٧دا تاقمیکی کۆنەپەرست لە هەلومەرجێكدا دەسەڵاتیان گرتە دەست کە خەلکی جیهان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە ئەو تاقمە تەنیا لە موزەخانەکانی مێژوودا ببیننەوە. خومەینی‌و دەستوپیوەندەکانی بە ئامادە بوون‌و دەسەڵاتەکەیان بە تەواوی جیهانیان سەلماند کە دەتوانن تەواوی بایەخە مرۆڤایەتی‌یەکان پێشێل کەن، تەواوی دەسکەوتی خەباتی دەیان سالەی مرۆڤایەتی دژی ستەم‌و ناعەدالەتی بە بادەن. بەڵام ئەمە ئەرکی خەلکی ئیرانە کە پێشانی خەلکی جیهان بدەن ئیتر دەبێ سەردەمی دەسەڵاتی شەمشەمە کوێرەکان کۆتایی بێ. دەبێ بیسەلمینن کە نەوەکانی ئەمرۆ داهاتوو وەها حکوومەت گەلیك تەنیا لەو دیو ویترینی موزەکانەوە سەیر دەکەن.

ڕێژیمی دەسەڵاتداری پێش شۆڕشی گەلانی ئیران لە سالی ١٣٥٧دا، ڕێژیمێك بوو کە لە مێژووی چەند هەزار سالەی حکوومەتی دیکتاتۆری بە سەر ئەم سەرزەمینە بەرینەدا بەجێ مابوو. ئەم ڕێژیمە کە لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی بیستەمدا مان‌و بوونی کەوتبوە ژێر پرسیارەوە، لە لایەکەوە دەیەویست وڵات بە پێی حەزو ئیرادەی خۆی بەرەو دەروازەکانی شارستانییەت! پاڵ پیوەنێ‌و لە لایەکی دیکەوە دەیەویست کە حکوومەتەکەی بە شیوەی سەدەکانی پیشوو درێژە بکیشێ.

ڕێژیمی دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ، بۆ گەیشتن بە نیزامیکی شارستانی! و پاشایەتی!، بەبێ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی تایبەتی کۆمەلگای ئیران، هەولی مۆدێرنیزەکردنی وڵاتی دەدا ئەویش بە قیمەتی سەرکوتی ئازادی‌یەکان‌و ویست‌و مافەکانی گەلانی ئیران، هەر ئەم بەرنامە ناتەبایە بووە هۆی سەرهەلدانی قەیرانیکی قووڵ‌و بەربلاو.

ڕێژیم بۆ گەشە پیدانی ئابووری‌و سەنعەتیی وڵات دەستی کرد بە دامەزراندنی کارخانەگەلیکی مونتاژی‌و بەڕیوەبردنی جۆریك پرۆژەی ئاوەدانی کە ئەم هەولانە لە لایەکەوە سەنعەتی وڵاتی کردە سەنعەتیکی پاشکۆو، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی کەمتەرخەمی لە بەشی کشتوکاڵدا، ئەم بەشە دوچاری ویرانی بووو کۆچی گوندنشینەکان بۆ شارەکان روخساری شارەکانی گۆڕی‌و دزیوی کردن.

هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا، هەنگاوگەلیکی دیکەی وەك بڵاوکردنەوەی بایەخە ڕۆژئاوایی‌یەکان لە نیو کۆمەلگای سوننەتیی ئیران، پیکهینانی سیستەمی پۆلیسی‌و بەهیزکردنی دەزگا ئەمنییەتی‌و پۆلیسی‌یەکان، سەرکوتی هیزە ئازادیخوازەکان‌و کۆمەلیك کردەوەی ناتەباو دژ بە یەك هاویژران کە بوونە هۆی گۆڕانکاریی بەربلاو لە گریچنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی کۆمەلگای ئیراندا.

پیکهاتنی ئەم ئالوگۆڕانە لە گریچنی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی کۆمەلگادا‌و هەروەها بە ئاشنایی خەلك لە تەك بایەخ‌و فەرهەنگی وڵاتانی پیشکەوتوودا، ئاستی چاوەڕوانی‌و ویستەکانی ئەوانی بردبووە سەرێ‌و ئەوەی کە ئەوان داوایان دەکرد لە چوارچیوەی پیوەندی‌یە کۆن‌و رزیوەکانی حکوومەتی پاشایەتی‌دا نەدەهاتە دی. بۆیە بەو بزاوتە گەرمەی کە لە قووڵایی کۆمەلگادا وەرێ کەوتبوو بەرەو ئەوە دەرۆیشت کە پیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌وئابووری‌یەکان لە بنەرەتڕا هەڵتەکینێ‌و سیستەم‌و پیوەندی‌یەکی تەباو شیاو لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمدا سەقامگیر بکا.

لە نیوان ئەو هیزو لایەنە جیاوازە سیاسیانەدا کە ویست‌و داخوازی‌یەکانی خەلکیان ڕیبەرایەتی دەکرد، سێ ڕەوتی سەرەکی لە یەکدی جیا دەکرینەوە: ١ـ هیزە چەپ‌و دیموکراتەکان، ٢ـ هیزە میللیگەراکان ٣ـ هیزە مەزهەبی‌یەکان

**هیزە چەپ‌و دیموکراتەکان** کە قووڵایی ئالوگۆڕە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌یەکانیان لە ئاستگەلیکی جیاوازدا هەست پێ کردبوو، هەولیان دەدا کە ویست‌و داخوازی‌یەکانی کۆمەلانی خەلك قوولتر بکەنەوەو سیستەمیکی دیموکراتیك لە ئیراندا دامەزرینن.

**هیزە میللی گەراکان** کە لە کودیتای ٢٨ی گەلاویژدا لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتی‌یەوە زەبریان لی کەوتبوو، تێدەکۆشان بە بێ ڕەت کردنەوەی حکوومەتی مەشرووتەی پاشایەتی ریفورمگەلیکی سیاسی لە نیو ڕێژیمدا پیك بینن.

بەڵام لەم نیوەدا **هیزە مەزهەبی‌یەکان**و بە تایبەت خومەینی‌و لایەنگرەکانی دژی ئەو ئالوگۆڕە کۆمەڵایەتییانە بوون کە لە کۆمەلگای ئیراندا هاتبوونە گۆرێ. ئەوان بە هۆی پیگەی سوننەتیی خۆیان، بە ڕەوتیکی کۆنەپەرست لە قەلەم دەدرین، چونکە خوازیاری گەرانەوە بۆ دواوەو هەلگەراندنەوەی ئالوگۆرە پیشکەوتوەکان بوون.

خومەینی‌و دەستوپیوەندەکانی، یەکەمجار لە سالی ١٣٤٢وە وەك ڕەوتیکی سیاسی هاتنە گۆڕەپانەوەو چەندین جار لەگەڵ ئیسلاحاتی ئەرزی‌و مافی ژنان‌و کاری ژنان لە ئیدارە دەولەتی‌یەکانداکەوتنە دژایەتی‌یەوە. ڕەوتی مەزهەبی، کە پیکهاتبوو لە ڕۆحانی‌و پیشنویژی مزگەوتەکان، بە هۆی هەنگاوەکانی دەولەت بۆ دامەزرانی قوتابخانەکان بە جیگای "مەکتەبخانە"و حەوزە عیلمی‌یەکان، لە چنگ دەرهینانی "مەوقوفات"و سپاردنی بە ئیدارەی ئەوقاف، چەسپاندنی نیزامی مالیات بە جیگەی خومس‌و زەکات‌و بەشی ئیمام، ڕێ خۆشکردن بۆ بەشداریی ژنان لە کاروباری دەولەتی‌و کۆمەڵایەتی (هەرچەند بە شیوەیەکی ڕوالەتیش بووبێ)دا، دژایەتییان کردو بوونە سەرەکیترین ڕەوتی کۆنەپەرستانە لە سەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئیراندا.

**هیزە چەپ‌و دیموکراتەکان** بە هۆی نەبوونی یەکیەتی‌و هاوئاهەنگیی پیویست‌و ڕیبەرایەتی‌یەکی هاوبەش‌و هەروەها نفووزی خومەینی لە نیو چین‌و تویژە دواکەوتووو کەم داهاتەکاندا، تووشی هەلە بوون‌و هیندێ لەم هیزانە چوونە ژێر عەبای ڕیبەراتیەتیی خومەینی‌یەوە. بەڵام دواتر بە هۆی نیوەرۆکی دژە ئازادیی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووەوە درانە بەر پەلامارو کەسایەتی‌و ئەندامانیان دەستبەسەر، زیندانی‌و تەنانەت ئیعدامیش کران.

بەم شیوەیە خومەینی دەسکەوتی شۆڕشی گەلانی ئیرانی یەك بین هەڵ لووشی‌و ڕۆلە شۆڕشگیرەکانی ئەم خاك‌و ئاوەی ڕەوانەی کوشتارگاکان کرد. یەکەم هیزیکی سیاسی کە دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی خومەینی کەوتە ژێر چەقۆی ئەو ڕێژیمە دژی گەلی‌یەوە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بوو. چونکە بە شانازی‌یەوە یەکەم حیزبی سەراسەری ئیران بوو کە نیورۆکی ئەم ڕێژیمەی ناسی‌و "نا"ی بە کۆماری ئیسلامی گوت‌و ڕەتی کردەوە. هیشتا چەند مانگ زیاتر لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئیران تێنەپەری بووو لە کاتیکدا کە خەلکی شاری سنە خۆیان بۆ یەکەمین ڕیورەسمی جیژنی نەورۆز لە ئازادی‌دا ئامادە دەکرد، لەلایەن پاسدارەکانی خومەینی‌یەوە خویناوڵ کران. ڕێژیمی سەدەکانی نیوەراستی خومەینی، قۆناغ بە قۆناغ هەموو هیزە ئازادیخوازەکانی سەرکوت کردو کۆنەپەرستیی دلخوازی خۆی چەسپاند.

ئەم ڕێژیمە ٢٤ ساڵ دوای دەسەڵاتی ڕەشی خۆی، کارنامەیەکی خستۆتە ڕوو کە لە بەرامبەر میژووو زەماندا بۆتە دلۆپە ئاویك.

ـ خەیالی پووچی ناردنە دەرەوەی شۆڕش لە لایەن خومەینی‌یەوەو هەشت ساڵ شەری مالویرانکەر، چەند میلیون کوژراوو کەم ئەندام‌و ئاوارەی لی کەوتەوە. هەزاران کەس لە باشترین ڕۆلەکانی ئەم وڵاتە کە خوازیاری بەرپابوونی حکوومەتی گەلی بوون یان بە کۆمەڵ کوژراون‌و یان لە تاراوگەدا گیرسانەتەوە.

ـ ژمارەیەکی بەرچاو لە ئازادیخوازان‌و بە تایبەت ڕیبەرانی شەهیدو مەزنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، دوکتور قاسملوو دوکتور شەرەفکەندی لە دەرەوەی وڵات‌و لە لایەن شەوپەرستانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە تیرۆر کران.

ـ دوای ٢٤ ساڵ بە وتەی خۆیان "حکوومەتی عەدلی عەلی" بە پیی ڕاپرسیی مانگنامەی ئابووریی ئیران کە لە ڕیبەندانی ئەمساڵدا بڵاوبۆتەوە، ٩٩٪ی خەلکی ئیران لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە بەراورد لەگەڵ پیش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌دا، هەژارتر بوون.

ـ پتر لە نیوەی خویندکاران کە ئومیدی داهاتووی وڵاتن، لە نیوان ئاوارەیی‌و مانەوە لە ژیر دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی حکوومەتی ویلایەتی فەقیهدا، ئاوارەیی‌یان بە نابەدلی هەڵبژاردوە.

ـ ڕێژیمێك کە لافی ئیسلامی بوون لی‌دەداو چەندین دەستەواژەی سەیرو سەمەرەی بە پاشگری ئیسلامی‌یەوە وەك: مافی مرۆڤی ئیسلامی! دیموکراسی ئیسلامی!و ئابووریی ئیسلامی! داتاشیوە، بە پیی ئاماری خۆی ئەم کارنامەیەی تا ئیستا لە پاش خۆی بەجێ هیشتوە: (١)

| ساڵ | ١٣٦٥ | ١٣٧١ |
|---|---|---|
| باوەری خەلك بە ئایین | ٪٨٩/٣ | ٪٤٣/٢ |
| خۆشەویستی ڕۆحانییەت | ٪٨٦/٧ | ٪٣٢/٣ |

**ئەو ئەرکەی کە لە دوا هەناسەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا دەکەویتە سەر شانی هیزە ئازادیخوازو دیموکراتەکان، وانە وەرگرتن لە میژووو دووبارە نەکردنەوەی ئەزموونی تاڵ‌و ترسناکی پشتیوانی کردنە لە کەسانیکی وەك خومەینی‌و هەروەها دارشتنی بەرنامەیەکی ئاشکراو هاوئاهەنگە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی‌و چەسپاندنی نیزامیکی دیموکراتیك لە ئیراندا. ئوپۆزیسیۆنی دیموکرات‌و کۆماریخواز دەبێ نەتەنیا بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی گەندەلی کۆماری ئیسلامی یەکدەنگ‌و یەکرەنگ بن، بەلکوو پلاتفۆرمیکی ڕۆشن‌و بێ تەمومژ بخەنە ڕووو ئالترناتیڤیکی دیموکراتیك بە خەلك بناسینن کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و کەلتووری‌و لە هەموان گرنگتر پیکهاتەی نەتەوەیی ئیرانی ڕەچاو کردبێ تا خومەینی‌یەکانی دیکە ڕەنجی خوین‌و تیکۆشانی ئازادیخوازانی وڵات پاوان نەکەن‌و دیکتاتۆری‌یەکی دیکە بەسەر کۆمەلگای ئیراندا نەسەپینن.**



وەرگیراو لە ڕۆژنامەی ئوتریشیی "کرۆنن تسایتونگ"


ژیدەر:

١ـ "فرامرز رفیع‌پور"، "توسعه و تضاد، ص ٣١٨"


# هەواڵەکانی کوردستان

**مەریوان**

## تەقینەوە لە بنکەی تەبلیغاتی ئیسلامی‌دا

کاتژمیر ٩ی شەو، ٢١ی ڕیبەندان تەقینەوەیەك لە ئیدارەی تەبلیغاتی ئیسلامیی شاری مەریوان ڕووی دا کە بوو بە بیانوویەك بۆ ئەوەی مەئموورە ئیتلاعاتی‌و هیزە بە ناو ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیم برژینە شەقامەکان‌و ئازارو ئەزیەتی خەلك بدەن‌و لە هەر کەسیك بەگومان بن، دەستبەسەریان بکەن‌و بەرەو زیندان ڕاپیچیان بدەن.

ئەگەرچی تا ئیستا کەس بەرپرسایەتیی ئەو تەقینەوەی وەئەستۆ نەگرتوە، بەڵام بۆ حکوومەتیك کە جگە لە هەژاری، مالویرانی، فەساد، هەڵاواردن‌و سەرکوت شتیکی دیکەی بۆ ئەو خەلکە بەدیاری نەهیناوە، ئەو زەبروزەنگ نیشاندانە دیاری‌یەك بوو کە لە شەوی جیژنی بەدەسەڵاتگەیشتنی‌دا پیشکەشی خەلکی شاری مەریوانی کردوە!

✧✧✧

### تیکهەلچوونی نیوان هیزەکانی ڕێژیم‌و کاروانچی‌یەکان

شەوی دووشەممە ٢١ی ڕیبەندان تیکهەلچوونیك لە نیوان ژمارەیەك کاروانچی‌و هیزەکانی بە ناو ئینتیزامی لە دەوروبەری گۆلی زریباردا ڕووی دا. لە ئاکامی ئەو تەقەو پیکدادانەدا گرووبانیکی ڕێژیم بە ناوی حەیدەر پوور خەلکی کرماشان کوژرا.

**بانە**

## کوژرانی کاسبکاریك بە دەستی هیزەکانی ڕێژیم

ڕۆژی هەینی ١٨ی ڕیبەندان لە پیگەی کەوپیچ، هەلکەوتوو لە نیوان شاری بانەو ئاوایی کەوپیچ تەقە لە ماشینیکی شەخسی کراو لە ئاکامی ئەو تەقەیەدا شوفیری ماشینەکە بە ناوی حەسەن کەریمزادە کوری عەبدوڵڵا خەلکی گوندی سالوکی خواروو، کوژرا. حەسەن کەریمزادە لە کاتی کوژرانی‌دا ٨ تەلیس برینجی پێ‌بووەو ویستوویەتی بچێ لەشار بیفرۆشێ. پاش ماوەیەك خەلکی دەوروبەر تەرمی کاك حەسەن لە ماشینەکەی‌دا دەبیننەوە.

"کوردستان" ویرای مەحکووم کردنی ئەو جینایەتەی ڕێژیم، سەرەخۆشی لەکەسوکارو بنەمالەی کاك حەسەن کەریمزادە دەکا.

**ورمێ**

## باشترین شوین بۆ پیتەختی کوردستانی گەورە!

حەسەنی ئیمام جومعەو نوینەری خامنەیی لە شاری ورمێ لە فەرمایشەکانی ئەم دوایانەی لە نویژی جومعەی ئەو شارەدا گوتی:

"ئەمریکا هەر کە عیراقی داگیر کرد، یەکەم کاری ئەوە دەبێ کە کوردستانی گەورە لە سەرزەوی‌یەکانی ئیران، تورکیە، عیراق‌و سووریە پیك بینێ". حەسەنی، پاش ڕەخنە گرتن لەو کەسانە کە بە ناوی ئازادی‌و ریفۆرمخوازی دەنگیان دا بە هیندیك کەس لە ورمێ، (بێ‌ئەوەی ناوی کەسیکی دیاریکراو ببا) گوتی "ئەوە دەنگ بوو داتان؟ هەی بێ‌میشکینە!" هەروەها گوتی: "شووراکانی ئیوە، ورمێ پیشکەشی ئەمریکا دەکەن، سبەینێ کلیلی ورمێ دەداتە دەستی ئەمریکا. چونکە ورمێ باشترین شوینە بۆ پیتەختی کوردستانی گەورە". حەسەنی پاش ئاماژە بە پیویستیی خۆئامادە کردن بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ پیلانەکانی ئەمریکا گوتی: ژنانیش دەبێ فیری بەکارهینانی چەك بن بۆ ئەوەی هەرکە سەربازەکانی ئەمریکا بە چەتر هاتنە خوار، لە حەوای بیان ئەنگیون"

وەرگیراو لە سایتی "اخبار روز"

# ڕۆشنبیری کوردو سالیکی دیکە له بەرپرسیارەتی‌و داهینان

خالید محەممەدزادە

دەروازەی سالیکی دیکە بە ناوی ٢٠٠٣ بە رووی رۆشنبیری کورددا کرایەوە. سالیك کە چاوەروانی‌یەکان، دلەراوکیکان‌و پرسیارەکان لە نیو کۆمەلی رۆشنبیری کورددا زیاتر خۆدەنوینن‌و ئەو هەموو چاوەروانی‌یەش لە رۆشنبیری کورد دوو خالی گرینگ لەم تەیفە بەدەستەوە دەدەن:

(١)

یەکەم، رۆشنبیران ئەو کەسانەن کە لە هەموو ئان‌و ساتیکدا‌و لە سەرجەم کایە مەعریفی‌و فیکری‌یەکاندا بەشدارن. بە دیویکی دیکەدا بە هۆی ئەو رۆلەی رۆشنبیر لە خۆی پیشان دەدا، دەتوانین بلیین کە رۆشنبیران لە هەموو جیگایەکدا هەن‌و وەك "نبض"ی کۆمەل کار دەکەن. لە راستی‌دا لە قالب دانی رۆشنبیر لە ژیر هەر دەمامك‌و پیناسەیەك دابێ بە واتای مەحکوومکردنی رۆشنبیر بە بیر نەکردنەوەو دارشتنی چوارچیوەیەکی بەرتەسك بۆ هەلسوورانی رۆشنبیرو رۆشنبیرانە. بەو حالەش بوونی رۆشنبیر دەلاقەیەکە بۆ ناسینی تانوپۆی کۆمەلگایەك کە پیویستی بە ناسین‌و ناساندنی خۆی هەیە. هەر بۆیە ئیمە لە ریگای ناسینی داهینانە فیکری‌یەکانی رۆشنبیرانی ئورووپایی‌یەوە بەرەو تیگەیشتن لە دنیای ئورووپاوە پال پیوە دەنریین. ئەم رۆلەش لە کۆمەلگای ئیمەداو لە هەموو کۆمەلگاکانی دیکەشدا رۆشنبیران گیراویانە. هەر چەند ئیمە شاهیدی بوونی گوتاریکی یەکگرتووی رۆشنبیریی نین (کە ئەمەش مەحالە)، بەلام بەو حالەش دابەشبوونی رۆشنبیران بە سەر ریبازە فیکری‌یە جیاجیاکاندا نەبۆتە کۆسپیك لە بەردەم رۆچوون‌و ناسینی ئەو جیاوازییانە لە ریگای رۆشنبیران‌و گەیاندنی دەنگە جیاوازەکانی کۆمەل‌و خودی رۆشنبیران. رۆشنبیرانی ئیمە تەنیا زمانحال‌و "نبض"ی کۆمەل نەبوون، بەلکوو ئەو مرۆڤە خاوەن هزرانە رۆلیکی بنەرەتی‌و ئەساسییان هەبووە لە مەسەلە سیاسی، فەرهەنگی‌و کۆمەلایەتی‌یەکانی کۆمەلی ئیمەداو رۆچوون لەو بوارانەشدا بە واتای دەستنیشانکردنی رۆل‌و جیگەی رۆشنبیر دەبێ. کەواتە بە سەرنجدان بەو رۆلەی رۆشنبیر گیراویەتی دەتوانین بلیین چاوەروانی‌یەکان لە رۆشنبیر لە جیگای خۆیان دان. هەرچەند نابێ لەبیرمان بچێ کە لاکردنەوەی رۆشنبیر لە دوینێ‌و ئیستای کۆمەلگاو خویندنەوەی

**ئەگەر ئەورۆ ئیمە شاهیدی نەبوونی گوتاری رۆشنبیری لە کوردستانی ئیران داین لە ئەساس‌دا شاهیدی نەبوونی تریبوونیك بۆ گەیاندنی پەیامی رۆشنبیرانین. نەك بێ‌هەلویست بوونی رۆشنبیران لەو ژینگەیەی کە تیی‌دا دەژین.**

چاوەروانی‌یەکان بە مانای ملکەچبوونی رۆشنبیرلە بەرامبەر ئەو کەندو بەربەستانەدا نیە کە تەنیاو تەنیا بۆ لە قالبدان‌و زیندانی کردنی رۆشنبیر چێ‌دەکرین، بەلکوو هەموو ئەو چاوەروانییانە پیناسەیەك لە ئەرکی رۆشنبیر بە دەستەوە دەدەن کە رۆشنبیر هیزو توانای خۆی تیی‌دا سەرف دەکا. ئەرکی رۆشنبیریش لەو شك‌و گومان‌و پرسیارانەوە سەر هەل دەدا کە تاکی رۆشنبیر وەك مرۆڤیکی وریاو ویژدان زیندوو ختوکە دەدەن. کۆمەلە پرسیارو گومانیك کە رۆشنبیر دەبێ وەلامیان بداتەوە. دیارە هەولی رۆشنبیری کورد تەنیا بە قەناعەت گەیشتن لە دۆزینەوەی وەلامی پرسیارەکاندا نیە، بەلکوو خودی رۆشنبیر تاکیکی پرسیار خولقینەو دەبێ ویژدانی نوستوو لە کۆمەلدا بەخەبەر بینێ‌و تاکی بەرپرسیار دروست بکا. تاکیك کە چی دی بە خەمساردی‌یەوە بەلای شەپۆلی گۆرانکاری‌یەکاندا تێ‌نەپەرێ. لە ئەساس‌دا دروست کردنی تاکی زیندووش بە مانای پیکهینانی کۆمەلگایەکی ئەکتیڤ‌و بەرپرسیارە. لە وەها رەوتیك دایە کە کۆمەل لە فەزایەکی بایەخنەدەر بە بژاردە بەرەو فەزایەکی بژاردە پەروەر هەنگاو دەنێ‌و بژاردەکان رۆلی ئەساسیی خۆیان تیی‌دا دەگیرن. لەم قۆناغەدایە کە رۆشنبیران پرسیارو گومان دەوروژینن‌و کۆمەل ناچار بە بیرکردنەوە دەکەن‌و کۆمەلگاش لە رەوتی خۆی‌دا نەسلی بەرپرسیار دروست دەکا. نەبوونی تاك‌و کۆی بەرپرسیاریش واتا نەبوونی تەواوی ئەو هزرو عەقلییەتانەی کە دەبێ لە رەوتی بەرەوپیشچوونی عەقلانیی کۆمەلگادا بەشدار بن.

لە لایەکی دیکەشەوە خەمی رۆشنبیری ئیمە تەنیا بەرپرسیار بوون‌و وەلامدانەوە بە چاوەروانی‌یەکان نیە، بەلکوو خەمی داهینان‌و نوژەن کردنەوەو خولقاندن خەمیکی ئەساسیی رۆشنبیری ئیمەیە. چونکە رۆشنبیری بێ‌داهینان هیچیکی بۆ گوتن پێ نیەو تەنیا بە جەستە دەتوانێ تەعبیر لە خۆی بکا. کە ئەو کاتەش جەستە نابیتە هۆی سەرهەلدانی چاوەروانی‌یەکان لە رۆشنبیر. کەواتە خەمی رۆشنبیر خەمیکی گەورەیە؛ خەمی داهینان، خەمی مانەوە، خەمی یەکەم بوون‌و . . . لەو خەمانەن کە رۆشنبیر ئازار دەدەن. ئەمەش گرنگترین خەمی رۆشنبیرە کە تەنیا خودی رۆشنبیر هەستی پێ‌دەکا. چونکە لە ئەساس‌دا رۆشنبیر مرۆڤیك نیە لە ئیستاداو بۆ ئیستا بژی بەلکوو بە وتەی ئالبیر کامۆ: "رۆشنبیران ئەو کەسانەن کە لە داهاتووی کۆمەلگاکەیاندا بەشدارن" کە واتە خەمی مانەوەو خەمی یەکەم بوونی رۆشنبیر پیویستی بە بوونی ژیرخانیکی مەعریفی دەولەمەند هەیە کە رۆشنبیر تیی‌دا کار دەکا.

(٢)

دووهەم، چاوەروانی لە رۆشنبیران لەو چولایی‌یە سیاسی‌و فیکری‌یەدا دیتە گۆرێ کە بە هۆی فەزای زالەوە خولقاوە. گومانی تێ‌دا نیە کە سەرجەم ئەو هیزو گرووپە بەرپرسیارانەی کە رۆلیکی بنەرەتییان لە کۆمەلگادا گیراوە، بە هۆی بوونی حکوومەتیکی داپلۆسینەر یاساغ کراون. قەدەغە بوونی کاری ئەو هیزە بەرپرسیارانە (سیاسی، سینفی‌و . . . )ش بە واتای فراوان بوونی چۆلایی‌یەك کە دەبێ پربکریتەوە. هەرچەند جیی گومانە کە بێ گەرانەوەی هەموو هیزە ئەکتیڤەکانی کۆمەل بۆ سەر کارو جیگای خۆیان، هیچ هیزو گرووپیکی کاتی بتوانێ ئەو بۆشایی‌یە پربکاتەوە بە سەرنجدان بە وەزعیکی ئەوتۆو ئامادە بوونی رۆشنبیر لە نیو هەموو تویژو لایەنەکانی کۆمەل، چاوەروانی‌یەکان زیاتر خۆ دەنوینن. بە بوونی ئەو فەزایەش، رۆشنبیران هەمیشە لە ریزی ئەوکەسانەی بوون کە بانگەشەی حەقیقەتیان کردوە. هەرچەند هیچ گرووپیکی سیاسی، فەرهەنگی‌و تەنانەت سەربەخۆش

**مەرگی رۆشنبیر تەنیا مەرگی ئەو تاکەی نیە کە ئیمە بە رۆشنبیر ناسیومانە، بەلکوو مەرگی سەرجەم ئەو کایە فیکری‌و مەعریفانەیە کە رۆشنبیر کاریان تێ‌دەکا. مەرگی رۆشنبیریش واتە گەرانەوەی ئەو هیزە شەرانییانەی کە لە هەولی لە گۆرنانی جوانی‌و داهینان دان.**

نەبووە کە بانگەشەی حەقیقەتی نەکردبێ. رۆشنبیری کوردیش بە دوور لەم واقیعە نەبووە، هەر چەند هیندێ جاریش ئەم بانگەشەیەش بە مانای سرینەوەی حەقیقەتەکانی پیش ئەم حەقیقەتە بووە. سەرەرای ئەو شەرحەش، بوونی رۆشنبیری بەرپرسیارو وەلامدەریش لەو عەقلییەتەوە دێ کە کۆمەلگای ئیمە ئینسانی بە دەروەستی (متعهد) دەوێ. دەروەست بوون بە کۆمەلگاش واتە ناسینی ئەو کۆمەلە خەمەی کە کۆمەلگا هەلی گرتوون. لە فەزایەکی ئاوەهاش‌دا زۆربەی پرسیارەکان رووبەرووی رۆشنبیران دەکرینەوە. چونکە هەر لەجێ‌دا رۆشنبیر بوون لە نەفسی خۆی‌دا واتا نارازی بوون. نارازی بوونیش لە کۆمەلگای ئیمەدا بە واتای بوونی بەرنامەو پلاتفۆرمیك بۆ چارەسەری خالە نیگەتیڤەکان‌و هەولدان بۆ گۆرینی واقعییەتە تالەکانە.

بەلام ئەم نارازیبوونەی رۆشنبیران بە مانای گوینەدان‌و لە پەراویز مانەوەی رۆشنبیران لە سەرجەم کایەکانی کۆمەلگادا نیە. ئەو رۆشنبیرەی کە بێ هەلویستی‌و دوورەپەریزی خۆی رادەگەیەنێ یا ملکەچ دەبێ بە پەراویزنشینی لە نەفسی خۆی‌دا مەرگی خۆی جارداوە. بەو حالەش مەرگی رۆشنبیر تەنیا مەرگی ئەو تاکەی نیە کە ئیمە بە رۆشنبیر ناسیومانە، بەلکوو مەرگی سەرجەم ئەو کایە فیکری‌و مەعریفانەیە کە رۆشنبیر کاریان تێ‌دەکا. مەرگی رۆشنبیریش واتە گەرانەوەی ئەو هیزە شەرانییانەی کە لە هەولی لە گۆرنانی جوانی‌و داهینان دان. رمبازینی هیزە شەرانی‌یەکانیش واتە گەرانەوەی ئەورۆ بۆ دوینێ‌و قوربانی کردنی نەسلی ئەورۆ بە عەقلییەتی سەدەکانی ناوەراست. با لەبیریشمان نەچێ کە نووکی هیرشی هیزە شەرانییەکانیش سەرەتا ئەو رۆشنبیرانەی دەگریتەوە کە لە هەولی پیکهینانی دنیایەکی لیوانلیو لە جوانی‌و داهینان دان.

## کۆسپەکانی سەر ریگای پەیامی رۆشنبیران

کە باس لە بەرپرسیارەتی، دلەراوکێ‌و چاوەروانی‌یەکان لە رۆشنبیران دەکەین، دەبێ باس لەو کۆسپانەش بکەین کە بوونەتە لەمپەری ئەساسی لە گەیاندنی پەیامی رۆشنبیر بە کۆمەلگا. گرنگترین کۆسپەکانی سەر ریگای گەیاندنی پەیامی رۆشنبیر لە کوردستانی ئیراندا نەبوونی تریبوون‌و بلاوکراوەیەك بۆ رەنگدانەوەی دیدگای رۆشنبیران لە کۆمەلگادایە. رۆشنبیران ئەو گرووپەن کە لیرەدا هیچ تریبونیکیان بۆ گەیاندنی دەنگەکانیان نیە. کە ئەمەش ناحالی بوونیك بە نیسبەت رۆشنبیران دینیتە گۆرێ. رۆشنبیرانی کورد لە ماوەی پتر لە دوو دەیە حاکمییەتی مەلاکان لە ئیراندا گەورەترین ئازاریان چەشتوە. ئەگەر ئەورۆ ئیمە شاهیدی نەبوونی گوتاری رۆشنبیری لە کوردستانی ئیران داین لە ئەساس‌دا شاهیدی نەبوونی تریبوونیك بۆ گەیاندنی پەیامی رۆشنبیرانین. نەك بێ‌هەلویست بوونی رۆشنبیران لەو ژینگەیەی کە تیی‌دا دەژین.

دیارە بوونی کۆمەلیك رۆشنبیری لۆکالی، دەسەلاتخوازو کرکراوو . . . هتد ئەم کۆسپانەی سەر ریگای پەیامی رۆشنبیری چەند بەرابەر کردۆتەوە. بۆیە کاتی ئەوە هاتوە کە رۆشنبیری کورد بەسەرنجدان بە ژیردەستە بوونی واقیعی کوردی‌و بوونی کۆمەلیك گوتاری توانەوەو سرینەوە لە سەر کۆمەل، لە هەولی یەکخستنی هەولەکانیان بۆ تەعبیر لە ناخی خۆیان‌و کۆمەلگا دابن. کۆمەلگایەك کە پیویستی لە سەداسەدی بە کاری رۆشنبیران هەیە.

---

# بلاوبوونەوەی CD لە مەراسیمە خوسوو سی‌یەکانی خەلك‌و خویندکاران قوربانی لی کەوتەوە

خەدیجە مەعزوور

ئەو فیلم‌و CDیانەی کە لە مەراسیمە تایبەتی‌یەکانی کچانی خویندکاردا هەلگیراون‌و لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیراندا بلاوبوونەتەوەو دەستبەدەست گەراون، بۆتە مەسەلە یا رەوتیکی ئاسایی. فرۆشی کاسیتی ویدئۆیی‌وCDی تایبەتی لە شارە چکۆلەکاندا کە خەلکەکەی زیاتر یەکتر دەناسن، گیروگرفتیکی زۆری لە نیو بنەمالەکان‌و بە تایبەت تویژی خویندکاری کچ‌دا پیك هیناوەو ئەوانی لیك دردۆنگ کردوە.

بە گویرەی راپۆرتی "سایت زنان ایران" سەردار جەوادی کەریمی، فەرماندەری هیزە بەرگری‌یە بەسیجی‌یەکانی خوراسان لە کۆبوونەوەی شوورای فەرهەنگیی خوراساندا لە پیوەندی لەگەل ئەم مەسەلەیەدا گوتوویەتی: یەکیك لە خویندکارە بەشدارەکانی ئەم مەراسیمە، فیلمی جیژنی لە دایك بوون‌و سەماو شایی کچانی بە قیمەتیکی زۆر فرۆشتوەو بە دوای ئەوەشدا لە شارەکانی خوراسان‌و مەشهەد لە ژمارەیەکی زۆردا بلاوکراوەتەوە. تا ئیستاش ئەو کچە نەناسراوە.

ماوەیەك لەمەوبەر هەر لەو پیوەندی‌یەدا، هەوالی تەکسیری فیلمیکی دیکە لە جیژنی کۆتایی سالی خویندنی خویندکارانی زانستگە کە لە شوینیکی نهینی‌و داخراودا بەریوە چووبوو، بە نهینی لەو ریورەسمەدا فیلم هەلگیراوەو لە یەکیك لە رۆژنامەکاندا چاپ‌و بلابۆتەوە. هەر لە پیوەندی لەگەل بلاوبوونەوەو دەستبەدەست گەرانی ئەم فیلمە لە نیو لاوانی شاری تەوریزدا، دوو کچی خویندکاری بەشدار لە مەراسیمەکەدا خۆیان کوشت.

پیشهاتن‌و خولقانی ئەو رووداوانە لە ئیرانی ژیر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی دا، سەرجەم بەلگەی حاشا هەلنەگرن بۆ نەبوونی ئازادی‌یەکی نیوەچل‌و دەلەمەش‌و ئەو زەبرو زەنگە لە رادەبەدەرەی کە بە نیسبەت ژنانەوە لە ئارا دایەو یا بە گشتی ئەو قانوون‌و قاعیدە دواکەوتووانەیەی کە بۆ بەرتەسك کردنەوەی ژیانی خسوسیی ژنان هاتۆتە گۆر. ئەو گیروگرفت‌و مەسەلانە لە سەر یەك کەلەکە بوون‌و بوونەتە لەمپەر لە سەر ریگای ژیانی ژنان‌و تەنانەت پرمەترسی کردنی. تویژی خویندکاری ئیرانی، ئەو تویژە رووناکبیرو ئاگایەن کە رابردوویەکی پرشنگداری لە خەبات‌و بەربەرکانیی لە دژی کۆنەپەرستی‌و سەرەرۆیی‌و جیگیر کردنی ئازادی‌و دیموکراسی لە ولاتدا هەبووە، جیگای داخە خویندکارانی کچ بە جیگای ئەوە کە لە ریگای بەربەرەکانێ‌و هەلسوکەوتی گونجاو لەگەل ئەم جۆرە مەسەلانەو ریگای رزگار بوون لەو لەمپەرانە بدۆزنەوە، ریگای مەرگ‌و خۆکوشتن هەل دەبژیرن، شتیك کە شایانی تویژی خویندکار نیە.

ریژیمی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا لە بیری بەرپێ‌گرتن بەو رەوت‌و دیاردە تیکدەرەی کە ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤەکانی لە مەترسی خستوە نەکردۆتەوە، بەلکوو بۆخۆی بۆتە هۆکاریك بۆ خولقاندن‌و پەرە ئەستاندی ئەم دیاردانە کە کۆمەلگای ئیرانی تووشی گەلیك گرفت کردوە. گەلیك جار دەستوپیوەندەکانی ریژیم بۆ چەواشە کردنی مەسەلەیەك بە قازانجی خۆیان، رووماپەکی ناحەزو دزیویان بە مەسەلەیەك داوە کە لە چوارچیوەی خۆشیی خەلك دابووە، لە ریگای جۆراوجۆرەوە بە دژی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی‌و دابونەریتەکانی‌و هەنگاونان بەرەو پەرەپیدانی فەرهەنگی رۆژئاوایی لە قەلەم دراون‌و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە ئومانیسم بە گشتی لە مەترسی کەوێ یان لانیکەم ژمارەیەك لە کچان لە ترسی ئابرووی خۆیان پەنا بۆ کردەوەی قەرەبوونەکراو بەرن‌و خۆبکوژن.

ئەگەر بە قسەی (پاسدار سەردار جەوادی کەریمی) وای دابنیین فیلم‌وCDی بەزم‌و سەمای کچانی خویندکار لە مەحفیلیکی خسووسی‌دا لە لایەن کچیکی خویندکارەوە بلاوبۆتەوە، پرسیار ئەوەیە ئەم کچە کی‌یە کە بە بلاوکردنەوەو فرۆشتنی فیلمەکە ژیانی هاورێ‌و هاوتەمەنەکانی دەخاتە مەترسی‌یەوە؟ ئایا ئەو کچە یەکیك لەو کچە دەستپەروەردەو مەکتەبییانەی کۆماری ئیسلامی نیە کە بۆ خۆشخزمەتی‌و سیخوری‌و گیرفان پرکردن، ئاوا بێ ترس ئابرووی ژمارەیەك کچ دەخاتە مەترسی‌یەوە کە ژیانیان لە هەموو بواریك دا لە قۆرغ دایەو قەدەغە کراوە؟ خۆ ئەگەر واش دابنیین کە هیندیك کەسی هەلپەرست بۆ گالتەو خەوشدار کردنی کەسایەتیی کچانی خویندکار ئەمCD یانەیان بلاوکردۆتەوە ئیستا ئەو پرسیارە لە جیی خۆیە کە ئایا بە دوای بلاوبوونەوەیCDی مەراسیمی خویندکارانی شاری تەوریز کە بوو بە هۆی خۆکوشتنی دوو کچی خویندکار، ئەرکی بەناو هیزەکانی ریژیم نەبوو وەدوای ئەم مەسەلەیە بکەون‌و عامیلان‌و بلاوکەرەوەکانی ئەم CDیانە بدۆزنەوە تا کار نەکیشیتە شوینەکانی دیکەی وەك ئەهوازو خوراسان؟ بە پیی روانگەو رابردوویەك کە ریژیم بەرانبەر بە ژن‌و ماف‌و ئازادی‌یەکانی هەیبووو هەیەتی ئەو بۆچوونە ناتوانێ دوور لە راستی بێ کە دەمراست‌و دەستوپیوەندەکانی ریژیم بۆ بەدناو کردنی ئەم کچە خویندکارانە دەستیان لە بلاوبوونەوەی ئەم CDیانەدا هەبووە.

بلاوبوونەوەی کاسیتی ویدئۆیی‌وCD لە ریورەسمە تایبەتی‌یەکانی خەلکدا بێ ئیزنی خاوەنەکانیان شتیکی ئاسایی‌و لوژیکی نیەو لیپرسینەوەی قانوونیی بەدواوەیە، بەلام بلاوبوونەوەی ئەم CDیانە بە بێ ئیزنی خاوەنەکانیان نەك لیپرسینەوەی پیویستی بۆ نەکرا، بەلکوو دەرەتانی قوربانی وەرگرتنیشی بۆ رەخسا. هەلپەرکێ‌و سەماو دەبەرکردنی جلوبەرگی جۆراوجۆر لە هەر شیوەیەکدا، مافی سروشتیی هەر ئینسانیکە. بەلام ئەم مافە سروشتییانە لە ولاتیکی ئاخوند لیدراوی وەك ئیراندا کە ئازادی نیەو زەبروزەنگ‌و سەرەرۆیی بالی بەسەر ولاتدا کیشاوەو هەلپەرکێ‌و سەماو هەموو خۆشی‌یەکانی مرۆڤ بە گشتی ـ تەنانەت ئەگەر تەنیا لە کۆری کچانیشدا بێ‌و بە شیوەیەکی خسوسییش بەریوە چووبێ ـ وەك تاوانیکی گەورە دەژمیردرێ‌و هەر لە ترسی ئەم تاوان‌و سزادانەیە کە ژمارەیەك لە کچانی خویندکار کۆتایی بە ژیانی خۆیان دینن. کەوابوو بۆ ئەوەی لە داهاتوودا شاهیدی مەسەلەی ئەوتۆ لە ئیراندا نەبین با بواری رەوتی بەرەو نەمانی ئەم ریژیمە خۆشتر بکەین، لە پیش‌دا رووی قسە لە تویژی رووناکبیری خویندکارە کە هەمیشە لە پیکهینانی ئالوگۆر لە کۆمەلدا پیشەنگ بوون.

# بەڕیوەچوونی چەند ڕیورەسمی دیکە لە دەرەوەی وڵات بە بۆنەی ٢ی ڕیبەندانەوە

**لە ژمارەی ٣٥٨ "کوردستان"دا ڕاپۆرتی بەڕیوەچوونی ڕیوسمەکانی دووی ڕیبەندان (سالرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان) لە وڵاتانی ئوروپا، ئەمریکاو کانادامان خستە بەرچاوی خوینەران. لەم ژمارەیەشدا ڕاپۆرتی بەڕیوەچوونی چەند ڕیورەسمی دیکە هەر لەو پیوەندیەدا دەخەینە بەرچاوی خوینەرانی بەریزی "کوردستان". لەو ڕیورەسمانەدا کە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ڕاگەیاندنی دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ڕیز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستیان پیکرد، بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبیان بەو بۆنەوە پیشکەش کراوەو لە لایەن هاوڕییانو بەرپرسانی کۆمیتەکانی حیزبەوە لە سەر ٢ی ڕیبەندانو کۆماری کوردستان، دوایین وەزعییەتی کوردستانو ئیرانو هەلویستەکانی حیزب بۆ بەشداران قسە کراوە:**

## هۆڵەند

کاتژمیر ٦ی ئیوارەی ٢٠٠٣/١/٢٥ ڕیورەسمیك لە شاری "لاهە" بۆ ڕیز لینان لە بیرەوەریی کۆماری کوردستان پیك هات. لەو ڕیورەسمەدا کە بە بەشداریی زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی شاری "لاهە" بەڕیوەچوو، جگە لە هاوڕییانی حیزبی، نوینەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی تورکیە (PSK)، کۆمەڵەی شۆڕشگیری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران، پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان (PSDK)، ڕیکخراوی فیدائیانی گەلی ئیران (زۆرینە)و حیزبی توودەی ئیران بەشدار بوونو پەیامی پیرۆزبایی خۆیان بەو بۆنەوە خویندەوە. هەروەها هونەرمەندان تاهیر خەلیلی، قادر ئەلیاسیو خاتوو شەهلا بە دەنگی خۆشو بە سۆزی خۆیان ڕیورەسمەکەیان ڕازاندەوە.

## نۆرویژ

ڕۆژی ٣١ی ژانویەی ٢٠٠٣ لە شاری توسینبیرگی نورویژدا ڕیورەسمیك بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی نورویژ بە مەبەستی ڕیزنان لە پەنجاو حەوتەمین سالرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەڕیوەچوو.

کۆمەڵەی کلتووری کورد (بەڕیوەبەری ڕیورەسمەکە) بۆ ئەم جەژنە نوینەرانی زۆربەی حیزبە کوردیەکانی بانگهیشتن کردبوو. ڕیورەسمەکە بە پیشکیش کردنی گۆرانیی کوردیو هەڵپەرکیی بەشداران تا کاتژمیر ١٢ی شەو درێژەی کیشا.

## ئۆسترالیا

لە شاری "ئادلاید"ی ئۆسترالیاش ڕیورەسمیکی تایبەتی بە بۆنەی پەنجاو حەوتەمین سالرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەڕیوەچوو. ڕۆژی ١ی فیوریە سەدان کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ئۆسترالیای باشوور، ژمارەیەك کەسایەتیی سیاسیو نوینەرانی حیزبی دیموکراتو حیزبی سەوزەکانی ئۆسترالیا لە پارکی "بونایدن" (Boniden Park)ی شاری ئادلاید لە دەوری یەك کۆبوونەوە تا ڕیز لە سالرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بگرن.

لەو ڕیورەسمەدا ئەو بەریزانە قسەیان کردو بەو بۆنەوە پەیامیان خویندەوە:

- بەریز تان گیلفلان (Ian Gilfilian)، سکرتیری پیشووی حیزبی دیموکراتو ئەندامی پارلمانی ئۆسترالیای باشوور
- بەریز کریس هانا، ئەندامی پارلمانو دۆستی نیزیکی حیزبەکەمان
- کاك زاهید کەریمی، بەرپرسی کۆمەڵەی کوردەکانی ئۆسترالیای باشوور
- خاتوو بەیان، نوینەری کومتیەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە ئادلاید.

ڕیورەسمەکە بە پیشکیش کردنی چەند کۆپلە شیعرو پەخشانو گۆرانیی جۆراوجۆرو هەروەها ڕەشبەڵەكو هەلپەرکیی بەشداران تا ئیوارەی ئەو ڕۆژە درێژەی کیشا.

شایانی باسە بەریز باب براون (Bob Brown)، ڕیبەری حیزبی سەوزەکان لەو ڕیورەسمەدا بەشدار بوو.

## دانمارك

کۆمیتەی هاوکاریی حیزبو ڕیکخراوە کوردستانییەکان لە وڵاتی دانمارك ڕۆژی ١ی فیوریەی ٢٠٠٣ ڕیورەسمیکی بەشکۆی بە مەبەستی ڕیزنانی پەنجاو حەوتەمین سالرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە بەشداریی زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی شاری کوپینهاگ بەڕیوە برد. ڕیورەسمەکە بە شاییو هەلپەرکیی بەشداران تا کاتژمیر ١٢ی شەو درێژە کیشا.

## سویس

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٣/٢/٢ جەژنی ٢ی ڕیبەندان لە شاری "زوریخ"یش لە وڵاتی سویس بە بەشداریی زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە کوردەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە بەڕیوەچوو. لەو ڕیورەسمەدا نوینەرانی ئەو حیزبو لایەنە سیاسیانە پەیامی پیرۆزباییيان خویندەوە: ١) پارتی سۆسیالیستی کوردستان (PSK)، ٢) حیزبی شیوعیی کوردستانی عیراق، ٣) حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان (PSDK)، ٤) پارتی یەکیەتیی گەلی کورد لە سووریە، ٥) پارتی یەکیەتیی دیموکراتی کورد لە سووریە، ٦) ڕیکخراوی کۆمەڵەی شۆڕشگیری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران، ٧) ڕیکخراوی یەکیەتیی گەلانی ئیران.

هونەرمەندان لەیلا فەریقی، کاوە ورمییيو نەبەز بابان بە دەنگە خۆشەکەیان گەرموگوڕییەکی زۆرتریان بە ڕیورەسمەکە بەخشی.

## فینلاند

کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە ناوچەی "تۆرکو"ی فینلاند، دوا نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕیکەوتی ١ی فیوریەی ٢٠٠٣ بەمەبەستی ڕیزلینانی پەنجاو حەوتەمین سالرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕیورەسمیکی تایبەتی بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردەکانی شاری تۆرکو بەڕیوە برد. بە دەسپیکی بەرنامەکانی ڕیورەسمەکەدا لە لایەن بەشدار بووانەوە ٥٧ مۆم بە نیشانەی ٥٧مین سالرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد هەڵ گیرسان.

ڕیورەسمەکە بە پیشکەشکردنی گۆرانیو هەلپەرکیو شایی بەشداربووان تا کاتژمیر ١٠ی شەو درێژەی کیشا.

## سوئید

ئیوارەی ڕۆژی هەینی ٣١ی ژانویەی ٢٠٠٣ کۆمیتەی حیزب لە باشووری سوئید بۆ ڕیزگرتن لە یادو بیرەوەری سالرۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕیورەسمیکی تایبەتی بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە کوردەکانی ئەو ناوچەیە لە شاری مالمۆ بەڕیوە برد. لەو ڕیورەسمەدا بەریزان دوکتور بورهان یاسین، مامۆستا جەلال دەباغو بەریز لوسیانا"، ئەندامی پارلمانی سوئیدو نوینەری سۆسیال دیموکراتەکان وتاریان پیشکیش کردو لە سەر نەخشی کۆماری کوردستان لە میژووی نەتەوەی کورددا قسەیان کرد. لە برگەیەکی دیکەی ڕیورەسمەکەدا پەیامی ئەو حیزبو لایەنە سیاسیانە خویندرانەوە.

١) پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق، ٢) یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ٣) حیزبی شیوعیی کوردستانی عیراق، ٤) پەیامی هەریمی ٥ی فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانییەکان لە سوئید، ٥) ڕیکخراوی فیدائیانی گەلی ئیران (زۆرینە)، ٦) حیزبی توودەی ئیران.

بەشی هونەریی ئەو ڕیورەسمە بە دەنگی خۆشو زوڵاڵی کاك قادر ئەلیاسی ڕازابۆوە. شاییو هەلپەرکیی بەشداران تا کاتژمیر ٢ی بەیانی درێژەی کیشا.

# بەشدار کردنی زۆرە ملیی خەلك لە ڕیورەسمی دەیەی فەجردا

کۆماری ئیسلامی لە تەبلیغاتی خۆیدا زۆر بە "امت همیشه در صحنه" (خەلکی هەمیشە ئامادە لە مەیدان)دا دەخوڕێو وانیشان دەدا کە خەلکی ئیران، ژمارەیەکی زۆر کەم نەبیّ کە بەکریگیراوی بیگانەن، هەموویان پشتیوانی ئەو ڕیژیمەن. هەر بۆیە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا هەوڵ دەدا زۆرترین ژمارەی خەلك بینیتە سەر شەقامەکان کە دیارە زۆربەی جارەکان لەگەلّ ناکامی بەرەوروو دەبیّ. دیارە ئەو خەلکەش کە لە بۆنەو ڕیپیوانەکانی ڕیژیمدا دەیان بینی، زۆربەیان بە فشارو بە زۆر ناچار بەو کارە دەکرین. ئەم نامەیەی خوارەوە، نموونەیەکە لەو هەوڵانە کە لە لایەن ئیدارەی پەروەردەو فیرکردنی شاری سەردەشتەوە بە مەبەستی بەشداریی زۆرە ملیی مامۆستایانو قوتابیان لە ڕیورەسمەکانی دەیەی فەجردا نووسراوەو ڕاگەیاندراوە.

*وەزارەتی پەروەردەو فیرکردن*

*ئیدارەی گشتیی پەروەردەو فیرکردنی ئوستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا*

*ئیدارەی پەروەردەو فیرکردنی شاری سەردەشت*

**ژمارە: ٤١١٥٣/٢٨**

**ڕیکەوت: ٨١/١١/٦**

لە: بەڕیوەبەرایەتیی پەروەردەو فیرکردنی شاری سەردەشت

ب: تەواوی قوتابخانەکانی شارو دێ، ناوەندیو دواناوەندی

بابەت: بەرنامەکانی دەیەی موبارەکی فەجر

لەگەلّ سلاو

لەگەلّ ڕیزدا پیویستە کە تەواوی قوتابخانەکان بەرنامەکانی خوارەوە بەڕیوە بەرنو لە کۆتاییدا ڕاپۆرتیکی تیروتەسەل لەمبارەیەوە بۆ ئەم بەڕیوەبەرایەتییە بنیرن. شایانی باسە چۆنیەتیی بەڕیوەبردنی بەرنامەکان چاوەدیری دەکریّ:

١- ڕۆژی شەممە ٨١/١١/١٢ زەنگی شۆڕشی ئیسلامی لە تەواوی قوتابخانەکان لیدەدریّ.

٢- ڕۆژی یەکشەممە ٨١/١١/١٣ چاوپیکەوتنی بەڕیوەبەرانی قوتابخانەکانی کوڕانە لەگەلّ بەریز ئیمام جومعەی شار لە کاتژمیر ١١ی پیش نیوەڕۆدا.

٣- کرانەوەی پیشانگەی عیبرەت (ئەمر بە چاکەو گیرانەوە لە خراپە) لە تەواوی قوتابخانەکانی شارو دێدا.

٤- ڕۆژی پینج شەممە ٨١/١١/١٧ بەشداریی قوتابیان لە گولبارانی گلکۆی شەهیداندا. شایانی باسە ناوی قوتابخانەکانو کاتی بەڕیوەچوونی ڕیورەسمی ئاماژە پیکراو دواتر ڕادەگەیەنریّ.

٥- ئامادە بوونی ٥٠ کەس لە قوتابییانی بەسیجیی دەبیرستانی شەهید موتەهەری هاورێ لەگەلّ سەرپەرستەکەیان لە ڕۆژی پینج شەممە ٨١/١١/١٧، کاتژمیر ١٠ی بەیانی بە مەبەستی بەشداری لە ڕیورەسمی شەهیدانی "پایگاه مقاومت" (پیگەی بەرگری) کە لە شوینی سینەما [و]گۆرەپانی سەلاحەددین ئەیووبی بەڕیوە دەچیّ.

٦- ڕۆژی هەینی ٨١/١١/١٨ کاتژمیر ٨ی بەیانی، سەرجەم ئەو قوتابیانەی پیشتر بۆ پیشبڕکیی ڕاکردن ناونووسییان کردبوو لە شوینی بنکەی بەرگری (ناحیە مقاومت) ئامادە بن. هەروەها بەڕیوەبەرانی قوتابخانەکان لە زۆرترین کاتدا لە هەر قوتابیيەك بری ٢٥٠ تمەن بیمەی خەسارەت وەربگرنو بۆ بەسیجی قوتابیانی بنیرن.

٧- لە هەموو قوتابخانەکانی ناوەندیو دواناوەندی کوڕانەی نیو شار ٢٠ کەس بە ڕیکوپیکی لە نویژی هەینیدا بەشدار بن.

٨- ڕۆژی شەممە ٨١/١١/١٩ بەڕیوەچوونی نویژی وەحدەت لە کاتژمیر ١٢/٣٠ لە مزگەوتی حەزرەتی عومەری کوری خەتاب.


٩- ڕۆژی دووشەممە ٨١/١١/٢١ بەڕیوەچوونی ئیوارە کۆڕیکی شیعری بە بەشداری شاعیرانی ئوستانو نیوشار کە شوینی بەڕیوەچوونەکەی دواتر ڕادەگەیەنریّ.

١٠- ڕۆژی سیّ شەممە ٨١/١١/٢٢ بەشداریی چالاکانەو بەربڵاوی سەرجەم قوتابیان بە تایبەت بەسیجییەکان لە ڕیورەسمی ڕیپیوانی ٢٢ی ڕیبەنداندا.

١١- قوتابخانەکانی شەهیدانی ١٤ی سەرماوەز، شەهید موتەهەریو دەبیرستانی ئازادی، خۆیان بۆ پیشکیش کردنی سروودەکانی "فەجری جاوید"و "شەهیدان" کە لە کۆتایی ڕیپیوانەکەدا بە کۆمەلّ دەگوتریّ ئامادە بکەن.

*ئیبراهیم سولتانی*

*بەڕیوەبەری پەروەردەو فیرکردنی شاری سەردەشت*


بتعالی

جمهوری اسلامی ایران

وزارت آموزش و پرورش

ادارهٔ کل آموزش و پرورش استان آذربایجانغربی

ادارهٔ آموزش و پرورش شهرستان سردشت

شماره: ۴۱۱۵۳/۲۸

تاریخ: ۸۱/۱۱/۶

پیوست: ..........

از: مدیریت آموزش و پرورش شهرستان سردشت

به: کلیه مدارس سطح شهر و روستا، راهنمایی و دبیرستان

موضوع: برنامه های دهه مبارک فجر

سلام علیکم

با احترام، شایسته است کلیه مدارس نسبت به اجرای برنامه های ذیل اقدام نموده و در پایان گزارش مبسوطی به این مدیریت ارسال نمائید ضمناً از روند اجرای برنامه های مذکور بازدید بعمل خواهد آمد.

۱-روز شنبه مورخه ۸۱/۱۱/۱۲ به صدا در آوردن زنگ انقلاب اسلامی در کلیه مدارس.

۲-روز یکشنبه مورخه ۸۱/۱۱/۱۳ دیدار مدیران مدارس پسران با امام جمعه محترم رأس ساعت ۱۱ صبح.

۳-برپای نمایشگاه عبرت (امر به معروف و نهی از منکر) در کلیه دبیرستانهای سطح شهر و روستا.

۴-روز پنجشنبه مورخه ۸۱/۱۱/۱۷ شرکت دانش آموزان در گلباران مزار شهداء ضمناً اسامی مدارس و ساعت برگزاری مراسم مذکور متعاقباً اعلام خواهد شد.

۵-حضور ۵۰ نفر از دانش آموزان بسیجی دبیرستان شهید مطهری به همراه سرپرست روز پنجشنبه مورخه ۸۱/۱۱/۱۷ رأس ساعت ۱۰ صبح جهت یادواره شهدای پایگاه مقاومت که در محل سینما میدان صلاح الدین ایوبی برگزار می گردد.

۶-روز جمعه مورخه ۸۱/۱۱/۱۸ رأس ساعت ۸ صبح کلیه دانش آموزان که قبلاً در مسابقه دو همگانی ثبت نام نموده اند در محل ناحیه مقاومت حضور یابند ضمناً مدیران مدارس در اسرع وقت مبلغ ۲۵۰۰ ریال بیمه غرامت از هر دانش آموز را اخذ نموده و به بسیج دانش آموزی ارسال نمایند.

۷-کلیه مدارس راهنمایی و متوسطه پسران سطح شهر به تعداد ۲۰ نفر بصورت منسجم در نماز جمعه حضور یابند.

۸-روز شنبه مورخه ۸۱/۱۱/۱۹ برگزاری نماز وحدت در ساعت ۱۲/۳۰ دقیقه در محل مسجد حضرت عمرابن خطاب

۹-روز دوشنبه مورخه ۸۱/۱۱/۲۱ اجرای برنامه شب شعر با حضور شاعران استانی و شهرستانی که محل آن متعاقباً اعلام خواهد شد.

۱۰-روز سه شنبه مورخه ۸۱/۱۱/۲۲ حضور فعال و گسترده کلیه دانش آموزان بالاخص بسیجیان در مراسم راهپیمایی ۲۲ بهمن.

۱۱-مدارس شهدای ۱۴ آذر، شهید مطهری، دبیرستان آزادی نسبت به آماده نمودن سرودهای فجر جاوید و شهیدان که در پایان راهپیمایی بصورت دسته جمعی اجرا می گردد اقدام نمایند.

ابراهیم سلطانی

مدیر آموزش و پرورش شهرستان سردشت

## فینلاند

### دیدار لەگەڵ ڕاویژکاری وەزیری دەرەوەی فینلاندا

ڕۆژی دووشەممە ڕیکەوتی ١٠ی فیوریەی ٢٠٠٣ لە سەر بانگهیشتنی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی فینلاند، هەیئەتیکی نوینەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران سەردانی بارەگای وەزارەتی دەرەوەی فینلاندی کردو پیشوازی لی کرا.

تەوەری چاوپیکەوتنەکە هەلسەنگاندنی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەلاتی نیوەڕاستو کاریگەرییان لە سەر کیشەی کورد بوو کە هەر دوو لا لەم بارەوە بیروڕایان گۆڕییەوە. لە کۆتایی دانیشتنەکەدا خاتوو کانتۆلا ئامادەیی وەزارەتی دەرەوەی فینلاندی بۆ میوانداریی سیمناریك بە بەشداریی هەموو ڕیکخراوە کوردییەکان دەربڕ ی.

هەیئەتی نوینەرایەتیی حیزب لەو دیدارەدا لە بەریزان مەجید حەقی، بەرپرسی پیوەندییەکانی حیزب لە فینلاندو ڕیبوار کەریمی چالاکی سیاسی کورد پیك هاتبوو.

## نۆرویژ

### بەشداری لە سمیناریکی لیکۆلینەوەییدا

ڕۆژی شەممە ڕیکەوتی ٢٠٠٣/٢/٨ لە سەر داوای کۆمیتەی لیکۆلینەوەی کاروباری وڵاتانی دەرەوەی حیزبی سۆسیالیستی نورویژ (S.V)، سیناریك بە ئامادەبوونی ٢٥ کەس لە کەسایەتیی سیاسی، فەرهەنگیو ئەدەبییەکانی نورویژ بۆ ژمارەیەك لە تیکۆشەرانی سیاسیی کوردی ئیران لە شاری ئۆسلۆ پیك هات. تەوەری باسەکانی ئەو سمینارە بریتی بوون لە:

- هەلومەرجی گشتیی کوردستان بەتایبەت کوردستانی ئیران.
- کیشەی ژنانی کورد بە تایبەت ژنانی کورد لە کوردستانی ئیران
- میژووی زمانەوانیی کوردیو جوغرافیای کوردستان.

بەشدارانی کوردی سمینارەکە بریتیی بوون لە: ١- کاك جەعفەر حامیدی، ٢- خاتوو مەریەم عەلیپوور، ٣- کاك عارف باوەجانی، ٤- کاك فەرامەرز ئەلماسی.

لە بەشی دووهەمی سمینارەکەدا هاوڕییانی کوردی بەشدار لە سمینارەکەداو وەلامی پرسیاری ئامادەبوانیان دایەوە. ئەو سمینارە ٤ کاتژمیری خایاند.

# هەوالەکانی ئیرانو جیهان

## لەسەرکار لابردن لەژیر ناوی هاوسەنگیی هیزی کاردا

"ایسنا" دەزگای هەوالدەریی خویندکارانی ئیران لە راپۆرتیکدا رای‌گەیاندوە کە تا کۆتایی سالی ٨١ی هەتاوی ١٢ هەزار کارمەندی وەزارەتی ریگاوبانو ١٤ هەزار کارمەندی "راەآهن" لە سەر کارەکانیان لادەبردرین. دەرکردنی ئەو کارمەندانە لە ژیر ناوی هاوسەنگیی (تعدیل) هیزی ئینسانی لە ئیدارە دەولەتی‌یەکاندا ئەنجام دەدریو تا ئیستا هەزاران کارمەندو کریکار لە وەزارەتخانەکانو کارگە دەولەتی‌یەکان بیکار کراون. لەسەرکار لابردنی ئەو هەزاران کارمەندە لە کاتیکدایە کە دەولەتی خاتەمی ئیددیعای دابینکردنی شوغلو کار بۆ بیکاران دەکاو "اشتغال زایی" لە دروشمە سەرەکی‌یەکانی خاتەمی لە دوو دەورەی هەلبژاردنی بۆ سەرۆك کۆماری‌دا بووە!!

## دانانانی وەزیری بەرگریی ئیران بە بارودۆخی شپریوی نیزام

عەلی شەمخانی، وەزیری بەرگریی ئیران کە لە سەرەتای مانگی ریبەنداندا بۆ وەلامدانەوە بە پرسیاری ٨٤ نوینەری ناسراو بە ریفورمخواز بانگ کرایە مەجلیس لە بەشیك لە وەلامەکانی‌دا ئاماژەی بە ئاماری راپرسی‌یەك کرد کە پەردە لە سەر راستی‌یەکانی کۆمەلگای ئیران لادەدا. شەمخانی بە ئاماژە بەوەی کە ئەو ئامارانە ئەویان شلەژاندوەو سەرسامیان کردوە وتی: ئەورۆکە زیاتر لە ٧٣٪ی خەلکی ئیران لەم نیزامەدا هەست بە ئاسایشو بوونی ئەمنییەت ناکەنو ٧٢٪ی ئەو کەسانەی لەو راپرسی‌یەدا بەشدار بوون، ریژیمی ئیسلامیی ئیرانیان وەك زالمو چەوسینەرو سەرکوتکەر ناوبردوەو گوتوویانە کە لە کۆمەلگای ئیراندا، زولمو هەلاواردن یەکجار پەرەی سەندوەو عەدالەتو یەکسانیی کۆمەلایەتی بە شیوەیەکی سەرسورهینەر دابەزیوەو پیشیل دەکری. هەروەها ٨٥٪ی ئەوانەی لە راپرسی‌یەکەدا بەشدار بوون لەسەر ئەو باوەرەن کە لەو نیزامەدا کەلینی دەولەمەندو هەژار زۆر قوولو بەرینتر بۆتەوە، بەو مانایە کە دەولەمەندەکان داراترو هەژارەکان بی‌ئەنواتر بوون. هەلبەت ئەوەش بگوتری مەبەستی شەمخانی لە هینانەگۆری ئەو باسە ئەوە بوو کە لە وەها وەزعییەتیکدا دەبی دوو قۆلی دەسەلات بە مەبەستی پاراستی دەسەلاتو بەرژەوەندیی نیزام واز لەو شەرە دەندووکە بینو لیك نزیك ببنەوە.

## "دیموکراسی دەمامکی دواکەوتوویی‌یە"

حوسین شەریعەتمەداری، میرزا بنووسی خامەنەیی‌و سەرنووسەری رۆژنامەی "کیهان" لە وتوویژ لەگەل هەوالنیری "ایسنا"دا هیرشی کردە سەر چەمکی دیموکراسی‌و دیموکراسی بە دەمامکیك بۆ سەرپۆش دانانی دواکەوتوویی فەرهەنگی رۆژئاوا ناوبرد. ناوبراو لە دریژەی هیرشەکەی‌دا گوتی "دیموکراسی بی‌بایەختر لەوەیە کە بتوانری لەگەل دین هەلبسەنگیندری‌و ئەوانەی وا دینو دیموکراسی لە تەنیشت یەك دادەنینو هەلیان دەسەنگینن فریان بە حەقیقەتی "دین"ەوە نیە یان بە هەلە لە دیموکراسی تی‌گەیشتون. چونکە دیموکراسی دەمامکیکی دواکەوتووانەیە بۆ بانگەشەی ئینسانەکان بۆ ژیانیکی پەستو حەیوانی".

## راپۆرتی رۆژنامەی "نشنال رویوئان لاین" لە سەر ئیران

مایکل لدین رۆژنامەنووسی ئەمریکایی لە رۆژنامەی "نشنال رویوئان لاین،"دا نووسیویەتی: "ئەگەر دەتانەوی بزانن کە گەلانی ئیران تا چ رادەیەكو بە چ شیوەیەك لە ریژیمیك کە ژیانیانی کردۆتە دۆزەخو ولاتەکەیانی خاپوور کردوە، هەست بە نەفرەتو بیزاری دەکەن، گوی بۆ قسەکانی ئەحمەدی جەننەتی لە نویژی هەینیی ریکەوتی ٢٠ی دیسامبر راگرن". مایکل پاشان دەنووسی: تووڕەیی‌و لەخۆدەرچوونی جەننەتی لەسەر بلاوبوونەوەی ئاکامی راپرسی‌یەك بوو کە لە شاری ئیسفەهان ئەنجام درابوو. بە پیی ئاکامی ئەو راپرسی‌یە ٨٥٪ی بەشداران بەداخن لەوەی کە لە شۆرشی سالی ٥٧دا بەشدارییان کردوە. بەشدارانی ئەو راپرسی‌یە هەروەها گوتوویانە کە سەد بریا لە شەری ئیرانو عیراقدا بەشدارییان نەکردباو یان دەنا مندالەکانیان بۆ شەر نەناردبا. شایانی باسە کە ئوستانی ئیسفەهان خاوەنی زۆرترین ئاماری کوژراوانی شەری عیراقو ئیرانە.

## سالانە لە ئیراندا ٨ هەزار مندال لەباردەبرین

فەسادو فەحشا لە دیاری‌یە دزیوەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆمەلگای ئیران دەژمیردری. بە پیی ئاماری رەسمی زیاتر لە ٣٠هەزار لەشفرۆش لە ئیراندا لە ریگای لەشفرۆشی‌یەوە بنەمالەکانیان بەریوە دەبەن، بەلام ئامارە باوەرپیکراوەکان باس لە بوونی ٣٠٠هەزار لەشفرۆش لە ئیراندا دەکەن. دوکتۆر ئەفزەلی، جیگری وەزیری لەشساغیی کۆماری ئیسلامی لە وتوویژ لەگەل رۆژنامەی "انتخاب"دا وتی: لە سالدا ٨٠ هەزار کچ بە شیوەیەکی نایاسایی منالەکانیان لەبار دەبەن. کچانی تەمەن ژیر ٢٣ سال زیاتر لە هەموان بۆ شاردنەوەی پیوەندی‌یە جنسی‌یەکانیان پەنا بۆ کورتاژو لەباربردنی مندالەکانیان بە شیوەیەکی غەیرە قانوونی دەبەن. لەم سالانەی دوایی‌دا ریژەی پیوەندی‌یە جنسی‌یەکان لە پیش کاتی زەماوەندو پیکەوەنانی ژیانی هاوبەش بە شیوەیەکی بەرچاو چۆتە سەری‌وهەر ئەوانەش دەبنە هۆی چوونە سەری ژمارەی لەباربردنی مندال. ئاکامی لیکۆلینەوەو راپرسی‌یەك نیشانی دەدا کە هەژاری‌و نەداری عامیلی سەرەکیی لەشفرۆشی‌یە.

رادیۆ"فردا"

## نیشتنەوەی کولوکۆی شۆرشگیرانە لە ئیراندا

رۆژنامەی "نیویۆرك تایمز"ی ئەمریکا لە راپۆرتیك بە قەلەمی "ئالین شیلنۆ"ی هەوالنیری لە تاراندا، ریورەسمی بیستو چوارەمین سالرۆژی شۆرشی گەلانی ئیرانی زۆر بەساردی‌و سری بینیوە. ئەو رۆژنامەیە دەنووسی ئەو هەستە شۆرشگیرانەیەی کە گەلانی ئیرانی بەلەخۆبردوویی‌یەکی بی‌وینەوە کردبوە پاریزەری کۆماری ئیسلامی، زۆر لە میژە نیشتۆتەوەو لە کزیی داوە. خومەینی بەلینی بەدیهینانی بەهەشتیکی سەرزەوینی بە گەلانی ئیرانی دابوو. بەلام ئیستا ئەو وادەو بەلینانە بنبەستی سیاسی، گەندەلی، بیکاری، هەلاواردنو چەق بەستوویی کۆمەلگایان لی کەوتۆتەوە. هەر بۆیە نەك کۆمەلانی بەرینی خەلك، تەنانەت مۆرەکانی نیو دەسەلاتی ریژیمیش دان بەوەدا دەنین کە هیچ هەستیکیان لە بەرامبەر ئەو بۆنەو ریورەسمانەدا نیەو بەداخن کە ئاکامی ئەو شۆرشە مەزنەیان دەسکەوتیکی وەهای لی کەوتۆتەوە.

(بی بی سی)

## پشتیوانی شاروودی لە بەردەبارانو داخرانی رۆژنامەکان



هاشمیی شاروودی، سەرۆکی دەزگای قەزایی ریژیم لە چاوپیکەوتنەکەی لەگەل أ "کریس پاتین" کومیسیری پیوەندی‌یەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپادا پشتیوانی خۆی لە حوکمی بەردەباران لە یاساکانی سزا لە ئیراندا دەربری‌و بەریوەبردنی ئەو حوکمەی بە پاریزەری شیرازەی بنەمالەو خیزان دانا. ناوبراو وتی هەرچەند ئەو سزایە ئیستاکە بەریوە ناچی، بەلام سزای بەردەباران لە جیی خۆی‌دا هەرماوە. شاروودی وەلامیکی روونی بە کریس پاتین سەبارەت بە لابردنی یەکجارەکیی سزای بەردەباران لە یاساکانی سزای ئیراندا نەداوە. ناوبراو بۆ سەلماندی ئازادیی بیرورا دەربرین لە ئیراندا ئاماژەی بە بوونی ١٣٠٠ بلاوکراوە لە ئیران کرد. بەلام سەبارەت بەوەی کە لە دوو سالی رابردوودا ٨٦ رۆژنامە بە دەستووری دەزگای قەزایی ریژیم داخراون، هیچ شتیکی باس نەکردو گویی خۆی لی‌خەواند.

سایتی "امروز"

## تیرۆری شەوکەتی حاجی موشیر بە دەستی تاقمی پشتیوانانی ئیسلام

ئیوارەی رۆژی شەممە ١٩ی ریبەندان شەوکەتی حاجی موشیر یەکیك لە بەرپرسانی ناسراوی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە یەکیك لە گوندەکانی ناوچەی شارەزوورو ٤ کەسی دیکە کەوتنە بەردەسریژی تیرۆریستانی سەر بە پشتیوانانی ئیسلامو کوژران. بە پیی هەوالەکان ئەو تیرۆریستانە وایان نیشان داوە کە لە پشتیوانانی ئیسلام جیابوونەتەوەو ریزەکانی ئەو تاقمەیان بەجی‌هیشتوەو داوای چاوپیکەوتنو وتوویژ لەگەل شەوکەتی حاجی موشیریان کردبوو. بەلام لە کاتی وتوویژدا دایاننەبەر دەسریژو پەلامار. پیویستە بگوتری لەم پەلامارە تیرۆریستی‌یەدا ژنیكو مندالیکیش کوژرانو چەند کەسیش بریندار بوون.

## حەرەکەتی ئیعترازیی‌و بەربلاوی خەلکی "بندر خمیر"

هەزاران کەس لە لاوانو خەلکی "بندر خمیر" بە هیرش بردنە سەر پاسگای ئینتیزامیی شار، نارەزایەتیی خویان سەبارەت بە جینایەتەکانی بەکریگیراوانی سەرکوتگەری ریژیم لەو ناوچەیە دەربری. ئەو حەرەکەتە ئیعترازی‌یە بە دوای کوژرانی لاویکی ١٨ سالەی موتورسوار لە لایەن هیزە بە ناو ئینتزامی‌یەکانی "بندر خمیر"ەوە روویدا. خەلکی تورەو وەزالە هاتووی ئەو شارە هەروەها هیرشیان کردە سەر فەرمانداری‌و ئیدارەی ئامووزشو پەروەرشی شارو شووشەو پەنجەرەکانی ئەو ئیدارانەیان شکاند. لە جەرەیانی ئەو تیکهەلچوونەدا زیاتر لە ٢٠٠ کەس کە زوربەیان لاون، لە لایەن هیزە ئەمنییەتی‌یەکانی ریژیمەوە دەسبەر سەرو زیندانی کراون. بەرپرسانی ناوچە هەروەها بو پیشگیری لە دزەی هەوالی ئەو حەرەکەتە ئیعترازی‌یە بو ماوەی چەند روژ تەلیفونەکانی "بندر خمیر"یان هەلبریوە.

"سایتی دادنامە"

## ٧٣٪ی قوتابیانی کچ لە ئوستانی ئازەربایجانی روژئاوا لە خویندن ماونەتەوە

هەوالدەریی ئیسنا رای گەیاند سەروکی گشتیی فیرکردنو پەروەردەی ئازەربایجانی روژئاوا وتوویەتی ٢٦٥ قوتابخانەی ئەو ئوستانە لە حالی تیك رمان دایە. سیروس سادقی (سەروکی ئیدارەی ناوبراو) بە هەوالنیرەکانی گوتوە کە ریژەی بیسەوادی لەو ئوستانەدا سەدی سی‌ویەکەو ٦٥٪ ی ئەو حەشیمەتەش لە کچانو ژنان پیك هاتوون. ناوبراو هەروەها وتی بەو پی‌یە ئوستانی ئازەربایجانی روژئاوا دواکەوتوترین ئوستانی ولاتی ئیران لە بواری (سوادآموزی)و (خویندەوار کردن) ئیمکاناتی ئامووزشی‌یەوەیە. سادقی لە دریژەی قسەکانی‌دا وتی: لە ٦٧٥٠ کلاسی پیشبینی‌کراو لە سالی ٨١دا تەنیا ٣١١٠ کلاسمان بو دامەزراوە کە بوتە هوی ئەوەی ٧٣٪ کچان و ٢٣٪ی کوران لە قوناغی ناوەندی‌دا نەتوانن دریژە بە خویندن بدەن.

هەوالدەریی ایسنا

# میللی ـ مەزهەبی‌یەکان بە هانای کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەچن

ع. رەهنموون

هەروەك بۆ زۆربەی خەلك لە نیوخۆی ئیرانو دەرەوە بەگشتی‌و بۆ هیزە سیاسی‌یەکانی نیو ئوپۆزیسیۆنی کۆماری ئسلامی بەتایبەتی دەرکەوتوە، لە چوارچیوەی سیستمی چەقبەستووی ویلایەتی فەقیهدا چاوەروانیی پیکهینانی ئالوگۆریکی قوولو بنەرەتی بە قازانجی ئازادی‌و دیموکراسی‌و وەدیهاتنی مافو ئازادی‌یەکانی گەلانی ئیران، چاوەروانی‌یەکی نازانستی‌و ناواقیعی‌یە. وەها چاوەروانی‌یەك دەتوانی بۆ دوو هۆکار بگەریتەوە: یەکەم، نەبوونی میتۆدیکی زانستی بۆ ناسینی پیکهاتەو سیستمی حکوومەتی لە کۆماری ئیسلامیی ئیراندا، دووهەم، نەبوونی نفووزو ئیعتیباری سیاسی لە نیو کۆمەلگای ئیرانداو بەشداریکردن لە دەسەلاتدا بە مەبەستی وەبەرکەوتنی بەشیکی کەم لە دەسەلاتداریتی‌دا.

دوای کۆتایی هاتنی دەورەی یەکەمی سەرۆك کۆماریی خاتەمی‌و ئەزموونی مەجلیسی شەشەمو دەرکەوتنی کارنامەی ناسەرکەوتووی دەورەی یەکەمی شووراکانی شارو گوندو ئاشکرابوونی بی ئەملاو ئەولای داخرانی سیاسی لە ئیرانو رەوینەوەی تەوەهومی وەدیهینانی ریفۆرم لە چوارچیوەی قانوونی ئەساسی‌و سیستمی ویلایەتی فەقیهدا، کۆماری ئیسلامی لەگەل قەیرانیکی قوولترو هەمەلایەنەتر بەرەوروو بووە کە بریتی‌یە لە قەیرانی نەبوونی رەوایی‌و پیگەو نفووزی کۆمەلایەتی لە نیو کۆمەلانی خەلکی ئیراندا. ئەم قەیرانی نەبوونی رەوایی‌یە بۆ ئەوە دەگەریتەوە کە لە لایەکەوە قۆلی توندرەوی ریژیم بە هۆی ئەو هەموو ستەمو ناعەدالەتی‌یەی کە دەرهەق بە گەلانی ئیران رەوای بینیوە، پیگەو رەوایی‌یەکی کۆمەلایەتی بۆ خۆی نەهیشتۆتەوەو، لە لایەکی دیکەوە قۆلی ناسراو بە ریفورمخوازی نیو دەسەلاتیش بە هۆی ئەوەی کە نەیتوانیوە لە ماوەی ٥ سالدا هەنگاوی بنەرەتی بە قازانجی ئازادی‌و دادپەروەری هەل گری‌و لە کردەوەدا بۆتە ئامرازیك بۆ رەوایی‌دانی چەواشەکارانە بە ریژیمو پاراستنی پیکهاتەی سەرەکیی ئەو سیستمە گەندەلو سەرەرۆیە.

بەم پییە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هیچ یەك لە قۆلەکانی ریژیم چیتر ناتوانن ببنە فاکتەریکی ئەوتۆ بۆ رەواییدان بە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی. ئەم نەبوونی رەوایی‌و پیگە کۆمەلایەتی‌یە دەتوانی هەموو ریژیمیك لەگەل قەیرانو تەنگژەیەکی بی‌ئەملاو ئەولادا رووبەروو بکاتەوە، بەتایبەت ریژیمی کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە خۆی بەوە دادناوە کە ریژیمەکەی هەلبژیردراوی خەلکی ئیرانە! بۆیە لەم هەلومەرجو بارودۆخەدا کۆماری ئیسلامی دەست بە داوینی هەموو چەشنە فیلو تەلەکەیەك دەبی بۆ ئەوەی لە ریگای چەواشەکردنی خەلکەوە رەوایی‌یەکی کاتیی‌و درۆیین بۆ ریژیمەکەی بەدەست بهینی‌و ماوەیەکی دیکە دریژە بە دەسەلاتی رەشو ئەهریمەنانەی خۆی بدا.

ئیستا کە هەلبژاردنی دەورەی دووهەمی شووراکانی شارو دی بەریوە دەچی، ریژیمی کۆماری ئیسلامی لەبەر دایە تا جاریکی‌تر دەزگا چەواشەکارە پروپاگەندەیی‌یەکانی خۆی وەگەر خاتو لە هەموو ئامرازیك کەلك وەرگری تا بتوانی لەم هەلومەرجە ناسکەدا کە رەوتی رووداوەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی نیوەراست بەگشتی‌و نیوخۆی ئیرانی بەتایبەتی خستۆتە ژیر تەوژمی خۆیەوە، رەوایی‌یەك بۆ ریژیمەکەی بەدەست بینی‌و ئیددیعا بکا کە ریژیمەکەی هەلبژیردراوی خەلکەو گەلانی ئیران ئەو ریژیمە بە بەرجەستەبوونی ئیرادەی ئازادی خۆیان لەقەلەم بدەن. بەلام بە خۆشی‌یەوە زۆربەی زۆری هیزو لایەنە دیموکراتو پیشکەوتنخوازەکانی نیو ئوپۆزیسیۆنی ئیران شانۆی هەلبژاردنی دەورەی دووهەمی شووراکانی شارو گوندیان تەحریم کردو داوایان لە کۆمەلانی خەلکی ئیران کرد کە بە شیوەیەکی بەربلاو ئەو هەلبژاردنە کارتۆنی‌یە تەحریم بکەنو لە لایەکەوە ئەو پەیامە بدەن بە گویی کاربەدەستانی هەر دوو قۆلی نیو حاکمییەتدا کە چیتر گەلانی ئیران فریوی کردەوە چەواشەکاری‌یەکانی کۆماری ئیسلامی ناخۆنو بە فیتی ئەوان روو ناکەنە سندووقەکانی دەنگدان کە رەوایی پیدانی درۆیین بە کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆی‌دایە،و لە لایەکی دیکەوە بۆ بیرورای گشتیی خەلکی جیهان ئاشکرا ببی کە ئەو ریژیمە دژی گەلی‌یە سەمبولو هیمای بەرجەستەبوونی ئیرادەی ئازادی گەلانی ئیران نیەو دەبی ولاتانی جیهان چاویك بە پیوەندی‌یەکانی خۆیان لەگەل ئەو ریژیمە سەرەرۆیەدا بخشیننەوە. بە تایبەت یەکیەتیی ئورووپا کە لە ژیر تەوژمی بیرورای گشتی‌و کۆرو کۆمەلە مرۆڤدۆستەکاندا رایگەیاندوە کە ئەو یەکیەتی‌یە پیوەندی‌یەکانی خۆی لەگەل کۆماری ئیسلامی‌دا دەبەستیتەوە بە دابینکردنو پاراستنی مافی مرۆڤو ئازادی‌یە سیاسی‌و مەدەنی‌یەکان لە کۆمەلگای ئیراندا، بۆیە ئەگەر بە شیوەیەکی بەربلاو هەلبژاردنەکانی دەورەی دووهەمی شووراکانی شارو گوند تەحریم بکری، چیتر ولاتانی ئورووپایی بەگشتی‌و یەکیەتیی ئورووپا بەتایبەتی ناتوانن بیانوویەك بۆ پەرەپیدانی پیوەندی‌یە ئابووری‌و سیاسی‌یەکانی خۆیان لەگەل کۆماری ئیسلامی‌دا بدۆزنەوەو ئەمەش بە مانای تەریك مانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئیرانە لە ئاستی نیو نەتەوەیی‌داو دەبیتە هۆی ئەوە کە پرۆسەی دارمانو هەرەسهینانی کۆماری ئیسلامی بچیتە قۆناغیکی نوی‌و چارەنووسسازەوەو ئەو ریژیمە لە هەلدیری چاوەروانکراو نزیك بخاتەوە.

راست لە وەها هەلومەرجیکی ناسكو چارەنووسساز دایە کە رەوتی ناسراو بە میللی ـ مەزهەبی‌یەکان بە هانای کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەچنو دەستی یارمەتی بو ئەو ریژیمە سەرەروو کونەپەرستو دژی گەلی‌یە دریژ دەکەن، شتیك کە لەم نیوەدا جیگای سەرنجو تیرامانە ئەوەیە کە کوماری ئیسلامی کە لە زوربەی هەلبژاردنەکانی رابردوودا سەلاحییەتی کاندیداکانی ئەم رەوتەی رەت کردوتەوەو زور جاریش مورە ناسراوەکانی ئەم لایەنەی گرتوونو زیندانی کردوون. لەم هەلو مەرجەدا کە رەوایی ریژیم کەوتوتە ژیر پرسیارەوەو کولەکەکانی کەوتوونەتە مەترسی‌یەوە، باوەشی بو رەوتی میللی ـ مەزهەبی‌یەکان کردوتەوەو هەموو کاندیداتورەکانی ئەم رەوتەی تەئیید کردوە.قولی ناسراو بە ریفورمخواز بە گشتیی‌و بەرەی موشارەکەتی ئیسلامی بە تایبەتی ئەم هەلەی

بۆ لاپەری ٩

# له پیوەندی لەگەڵ سەفەری کریس پاتین‌دا بۆ ئیران

**فەرهاد ئەکبەری**

کریس پاتین، کومیسیری پیوەندی‌یەکانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا له نیوەراستی مانگی ریبەنداندا (١٤ تا ١٧) بە سەردان گەیشتە تاران. ناوبراو لە سەرەتای سەفەرەکەی‌دا رای‌گەیاند کە مەبەستی سەرەکی لەم سەردانەی‌دا، دەستپیکردنی خولی دووەمی وتوویژی بازرگانی‌و هاوکاریی ئابووریی نیوان ئیران‌و یەکیەتیی ئورووپایە، پاتین هەروەها وتی، چەند مەسەلەیەکی سیاسی وەك کیشەی تیرۆریزم، مافی مرۆڤ، هەولی ئیران بۆ وەدەستهینانی چەکی ناوکی‌و تەنگژەی رۆژهەلاتی نیوەراستیش لەگەڵ کاربەدەستانی ئیراندا تاوتوێ دەکا. کومیسیری یەکیەتیی ئورووپا لەمەر مەسەلەی ریفورم لە ئیراندا گوتی: ریفورم ریگا بۆ ئیران خۆش دەکا تا نەخشیکی بەرچاوتری لە کیشە نیونەتەوەیی‌و ناوچەیی‌یەکاندا هەبێ. ناوبراو هەروەها وتی: ئورووپا بە هیچ جۆریك نایەوێ دەست لە کاروباری نیوخۆی ئیران وەربدا. نیردراوی یەکیەتیی ئورووپا لە ماوەی سەفەرەکەی‌دا چاوی بە چەند کاربەدەستیکی پایەبەرزی ریژیم وەك میهدی کەرووبی سەرۆکی مەجلیس، مەحموود هاشمیی شاهروودی بەرپرسی دەزگای قەزایی‌و کەمالْ خەرازی وەزیری دەرەوەی ئیران کەوت.

کریس پاتین لە هەلومەرجیك‌دا سەردانی ئیرانی کرد کە قەیرانیکی قووڵ‌و هەمە لایەنە سەر لە بەری ریژیمی کۆماری ئیسلامی گرتۆتەوە، قەیرانیك کە لە سایەی سیاسەتەکانی ریژیم‌دا بناخەی ئابووریی ولاتی هەلتەکاندوە، شیرازەی کۆمەلایەتی‌خستۆتە مەترسی‌یەوەو ئیرانی کردۆتە زیندانیکی مەزن بۆ گەلانی ئیران بەگشتی‌و ئازادیخوازان، جیابیران، رۆژنامەنووسان، کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان، ژنان، خویندکاران‌و لاوان بەتایبەتی، کە لیرەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند نموونەیەکیان لە بوارە جیاجیاکان‌دا دەکەین. لەباری ئابووری‌یەوە: گرانی‌وگەندەلی، بیکاریی (پتر لە ٢٠٪)، هەژاری، برسیەتی بەشیوەیەکی سەرسوورهینەر پەرەیان سەندوە، لە باری کۆمەلایەتی‌یەوە: ریژەی موعتادان، ژنانی لەشفرۆش، میرمندالانی سەر شەقامەکان، چوونە سەری ریژەی تاوان‌و لە مەترس کەوتنی شیرازەی بنەمالەکان، سەرهەلدانی دیاردەگەلی وەك: بێ‌هیوایی، خەمۆکی‌و کۆچی بەرچاوی دەرچوانی زانکۆکان بۆ دەرەوەی ولات‌و . . . لە باری سیاسی‌یەوە: دروستبوونی کەلینیکی گەورە لە نیوان کۆمەلانی خەلك‌و حاکمیەت‌دا، دابەزینی ئاستی لایەنگری لە ریژیم بەتایبەت لە خامنەیی ریبەری ریژیم، بەشیوەیەکی زۆر بەرچاو، پەرەسەندنی فشار، سەرکوت، گرتن، زیندانی کردن، ئەشکەنجەو ئازاری



چین‌و تویژە جۆر بە جۆرەکانی خەلك، تیرۆرو بێ‌سەرو شوینکردنی جیابیران، نووسەران‌و کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکان‌و . . . لە بواری فەرهەنگی‌یەوە: سەرکوتی چاپەمەنی‌و رۆژنامەنووسان، داخستنی پتر لە ٩٠ گوڤارو رۆژنامەو بلاوکراوەی جۆراوجۆر لە ماوەی ٢ سالی رابردوودا‌و پشتگویخرانی داخوازی‌یەکانی گەلانی ئیران بۆ خویندن بە زمانی زکماکی خۆیان‌و . . . لە ئاستی ناوچەیی‌و جیهانیی‌ش‌دا ساردو سری پیوەندیی ئیران لەگەڵ ولاتانی جیهان بەگشتی‌و ولاتانی جیران بەتایبەتی. لە شەستەکان‌و هەفتاکانی کۆچی هەتاوی‌دا، تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە نیو جەرگەی ئورووپا دەستیان بە خوینی چەندین تیکۆشەری سیاسی سوور بوو، کاربەدەستانی ئورووپایی بۆ پاساودانەوەی پیوەندیی ئابووریی خۆیان لەگەڵ ریژیمی ئاخوندی‌دا سیاسەتی بەناو دیالۆگی رەخنەگرانەیان گرتە بەر، ئەمەش لە حالیك‌دا بوو کە بەشیکی بەرچاو لەو ولاتانە بەکردەوەو بەشیوەی جیددی ئامادەنەبوون کە شوین پیی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی لە ولاتانی خۆیان هەڵ گرن، تەنیا لە دادگای میکونووس‌دا بوو کە حوکمیکی ئازایانەو میژوویی دەرچووو بە ئاشکرا تیرۆریزمی دەولەتیی ریژیمی ئیرانی سەلماند. گەرچی لەو پیوەندی‌یەدا ولاتانی ئەندام لە یەکیەتیی ئورووپا بۆ ماوەیەك بالیوزەکانی خۆیان لە ئیران بانگ کردەوە، بەلام پاشان بەشیوەیەکی پر سووکایەتی ناردنیانەوە بۆ ئیران‌و لەو ماوەیەدا جگە لەو هەلویستە لاوازەی یەکیەتیی ئورووپا شتیکی دیکە لە بەناو دیالۆگی رەخنەگرانەی ئەم یەکیەتی‌یە نەکەوتەوە.

لەم دوایانەدا یەکیەتیی ئورووپا ریز گرتن لە مافی مرۆڤی وەك مەرجیك لە پەنای هیندێ مەرجی دیکە، بۆ پەرەپیدانی پیوەندی‌یە بازرگانی‌و ئابووریی‌یەکانی خۆی لەگەڵ ریژیمی ئیران‌دا داناوە. ئەم کارە هەر چەند لە جی‌دا باش‌و بەجێیە بەلام بە سەرنجدان بە بارودۆخی شپریوی ریژیم‌و بێ‌ئاکامبوونی دیالوگی رەخنەگرانە، دانانی مەرجی پاراستنی مافی مرۆڤ بۆ پەرەپیدانی پیوەندیی ئابووری ئەویش لەگەڵ ریژیمیك‌دا کە کارنامەیەکی تەواو رەشی لە بواری مافەکانی مرۆڤ‌دا هەیەو هەر لە بنەرەت‌دا باوەری بەم بایەخە ئینسانیيانە نیە بۆیە زۆر زەحمەتە ئاکامیکی بەداوە بێ.

کاربەدەستانی ریژیم لە چاوپیکەوتنەکانی خۆیان لەگەڵ کریس پاتین‌دا هیندێ بەلینی سەر زارەکییان بە ناوبراودان، وەك ئەوەی کە ریگا دەدەن نوینەری مافی مرۆڤی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و چەند ریکخراوو ئاژانسی دیکە سەردانی چەند ناوەندو دامەزراویکی ریژیم بکەن کە بیگومان ئەم ریگا دانە نە دەبیتە هۆی باشبوونی وەزعی مافی مرۆڤ لە ئیران‌دا‌و نە ئەو جۆرە وردە بەلینانە دەتوانن ئالوگۆریکی بنەرەتی لە سیاسەتی دژ بە ئازادی‌و مافی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی‌دا پیك بینن. بەتایبەت کە قانوونی ئەساسیی ریژیم خۆی، لە زۆر بواردا ریگا بە پیشیلکردنی مافی مرۆڤ دەداو لە بنەرەت‌دا ئەو بایەخە ئینسانیيانەی کە یەکیەتیی ئورووپا باسیان لی دەکا لە قانوونی ریژیم‌دا جیگایەکیان نیە و ریز گرتن لە مافی مرۆڤ بە لای ریژیمەوە لەراستی‌دا بە مانای وازهینان لەو بنەما ئیدئولۆژیکەکانی‌و لە ئاکام‌دا رازیبوون بە هەرەسهینانی ریژیمە. رەنگە سەرانی ریژیم بتوانن حوکمی چەند سزایەك بەشیوەیەکی ئاشکرا جیبەجێ نەکەن‌و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بۆ ماوەیەکی کاتی هەلیان پەسیرن، بەلام ئەوە هیچ کات بە نیشانەی باوەرهینانیان بە نارەوا بوونی ئەو حوکمانەو هەروەها ریز گرتنیان لە مافە ئینسانی‌یەکان نیەو هەر کات کە فشارەکەیان لە سەر رەوی دیسان بێ سێ‌و دوو جیبەجییان دەکەنەوە.

ریژیمیك کە یاساکانی لە تیزی ویلایەتی فەقیهەوە سەرچاوە دەگرن‌و رەوایی خۆیان لە سەرچاوەیەکی دیکە جگە لە ئیرادەی ئازادی خەلکی ئیرانەوە وەردەگرن‌و تەنیا پاریزەری بەرژەوەندیی گرووپیکی تایبەتی، واتە ئاخوندەکانی سەر بە دەسەلاتن، چۆن دەتوانێ مافی یەکسان‌و بەرامبەر بۆ سەرجەم خەلکی ئیران دابین بکا. بیگومان کریس پاتین‌و سەرجەم ئەندامانی یەکیەتیی ئورووپا باش دەزانن کە لە هیچ دەوران‌و سەردەمیك‌دا دەسەلاتە تیوکراتەکان نەیانتوانیوەو ناشتوانن بە یەك چاو، بروانننە هاوولاتییان، ئەوە تەنیا لە نیزامیکی دیموکراتیك‌و گەلی دایە کە جیاوازیی ئایینی، مەزهەبی، کولتوور، نەتەوەی، رەگەزی‌و . . . مافی بەرامبەری هاوولاتییان‌و هاوسەنگی لە نیوان بەرژەوەندیی گرووپە جیا جیا کۆمەلاتی‌یەکان‌دا دابین دەکرێ.

لە دنیای ئەمرۆدا کە زۆربەی کیشەکان روخساریکی جیهانییان وەرگرتوە، چەمکیك بە ناوی "هاوولاتیی جیهانی" هاتۆتە گۆرێ‌و زۆربەی مەسەلە نیوخۆیی‌یەکان لە هەمان کات‌دا بە مەسەلەی جیهانی دەژمیردرین‌و بە هەر دووباری ئەریتی "موسبەت"و "نەریتی "مەنفی"دا لە سەر ئاستی جیهانی‌دا شوین دادەنین. چی دی ناکرێ چاوپۆشی لە رەفتاری نامرۆڤانەی نیزامە دیکتاتۆرەکان لە بەرامبەر گەلەکانیان‌دا بکرێ. چونکە هەر چەشنە کەمتەرخەمی‌یەك لەم پیوەندی‌یەدا زیانی مەزنتری بە دواوە دەبێ‌و سەرجەم خەلکی جیهان زیانی لی دەکەوێ. جا کە وابوو لە ولاتیکی دیکتاتۆر لیدراوی وەك ئیران‌دا کە کەلینیکی یەکجار بەرین لە نیوان خەلك‌و حاکمییەت‌دا پیك هاتوە، ئەگەر دنیای پیشکەوتووو دیموکرات کە خۆی بە پاریزەری بایەخە مرۆڤی‌یەکانی وەك ئازادی‌و دیموکراسی، مافی مرۆڤ، کۆمەلگای مەدەنی‌و پلۆرالیزم دەزانێ، بەکردەوە لە دەرەوەی خۆی‌دا بۆ سەقامگیربوونی ئەو چەمکانە ـ بەگویرەی هەلومەرجی تایبەتی هەر کۆمەلگایەك ـ لە بواری ئابووری‌و سیاسی‌یەوەو ئەخلاقی‌یەوە پشتیوانی هیزە پیشکەوتنخوازو دیموکراتە رەسەنەکان نەکاو نەك هەر بەرژەوەندی‌یە ئابووری‌یەکانی خۆی پێ ناپاریزرێ، بەلکوو ئەو دەسکەوتە ئینسانی‌یە مەزنانەی دنیای مودیرنیش دەخاتە ژیر پرسیارو مەترسی‌یەوە.

لە سەردەمی بەجیهانیبوون‌دا دنیای پیشکەوتوو پیویستە بە سیمایەکی نویوە بیتە مەیدان‌و ئەو وینە ناشیرینەی کە لە سەردەمی ئیمپریالیزمی کلاسیك‌دا بۆ خۆی دروستی کردوە لە بیرو زەینی خەلکی ولاتانی جیهانی سیهەم‌دا بشۆریتەوەو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی، مافی مرۆڤ‌و دادپەروەریی کۆمەلایەتی بکاتە دروشم‌و دەست لە پشتگیری ریژیمە سەرەرۆکان هەڵ گرێ.

بە سەرنجدان بە تایبەتمەندی‌یەکانی جیهانگیری، ئیددیعای دەستیوەرنەدان لە کاروباری نیوخۆیی ولاتان ئیددیعایەکی بێ‌بنەمایەو لەگەڵ خەسلەتەکانی دنیای تازەدا ناگونجێ. جا بۆیە بە لەربەرچاو گرتنی رەوشی ئیستای ئیران کە رەوتی ریفۆرمخوازیی نیو حاکمییەت بە تەواوی شکستی هیناوە، ریژیم رەوایی خۆی بە تەواوی لە دەست داوەو هەروەها بەرەی خەلك کە خوازیاری ئازادی‌و دیموکراسی‌یە لەبەرامبەر بەرەی دەسەلاتی سەرەرۆدا راوەستاوە، دەبێ دنیای رۆژئاوا پشتیوانیی خۆی لە بەرەی خەلك راگەیەنێ‌و بە قازانجی ئازادی‌و دیموکراسی پاشەکشە بە سەرەرۆیی بکا. ئەگینا لەم هەلومەرجەی ئیستای ئیران‌دا هەر چەشنە پیوەندی‌یەکی ئابووری‌و بازرگانیی نیوان ئیران‌و ئورووپا، جگە لە یارمەتیدان بە هیشتنەوەی ریژیمی سەرکوتکەرو زۆرداری ئاخوندی‌و خۆ دزینەوە لە ئەرکی ئەخلاقیی پشتگیریکردن لە ویستە دیموکراتیکەکانی خەلك، مانایەکی دیکەی نیەو بیگومان تەنیا دەسەلاتیکی دیموکراتیك‌و گەلی‌یە کە دەتوانێ ریگا بۆ پیوەندی‌یەکی دریژخایەنی ئابووری لە نیوان هەر دوو لادا خۆش بکا، بەپیچەوانەوە هەولی یەکیەتیی ئورووپا تەنیا ئاسنی سارد کوتانەو بەس.

**سەرچاوەکان:**

**١ـ تیگەیشتنیك بۆ پرنسیپەکانی دیموکراسی، ن: بەکر سەدیق، گوڤاری بیرو هۆشیاری ژ٣**

**٢ـ سەرمایەداری‌و دیموکراسی، ن: بیستوون سابووراوایی، هەمان سەرچاوەی پیشوو**

---

دریژەی وتاری

## میللی ـ مەزهەبی‌یەکان بە هانای کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەچن

قوزتوتەوەو دەیەوی بو گەرم کردنی بازاری کەسادی هەلبژاردن لەگەل میللی ـ مەزهەبی‌یەکاندا ریك بکەوی.

"عەلی شەکووری راد" ئەندامی ریبەرایەتیی شوورای ناوەندیی بەرەی موشارەکەتی ئیرانی ئیسلامی کە لە ریورەسمی سالڤەگەری کوچی دوایی موهەندیس بازرگان‌دا بەشداری کردبوو، گوتی "بەرەی موشارەکەت لە چوارچیوەی لایەنەکانی سەر بە دووی جوزەرداندا، خەریکی پیك هینانی بەرەیەکەو ئەگەر بتوانین لە سەر مەسەلەکان پیك بیین لەگەل رەوتی میللی ـ مەزهەبی‌یەکانیش‌دا هەنگاویکی هاوبەش لەو چەشنە هەل دەگرین". عەلی شەکووری‌راد لە بەشیکی دیکەی قسەکانی‌دا گوتی" لەوانەیە لە داهاتوودا شایەتی پیکهاتنی بەرەیەکی سەرسورهینەر بین کە لە هەلبژاردنی شووراکان‌دا ئەو بەرەیە لەوانەیە لەو رەوتانە پیك بی کە لە رووی سیاسی‌یەوە چونیەك نین، بەلام ئەم بەرەیە تەنیا بۆ وەدەسهینانی دەنگی زیاترە نەك بو بەرەو پیشبردنی بەرنامەگەلیکی دیکە".

لەم لیدوانەی "عەلی شەکووری‌راد"ەوە هوی پیشوازی قولی ناسراو بە ریفورمخوازی نیو دەسەلاتمان بە ئاشکرا بو دەردەکەوی‌و تەئییدی سەلاحییەتی ئەو کاندیداتورانە لە لایەن قولی پاوانخوازەوە دەیسەلمینی کە قەیرانی رەوایی لە کوماری ئیسلامی‌دا گەیشتوتە ئاستیك کە گەرانەوەی بو نیە. بەلام شتیك کە لەم نیوەدا جیگای داخە ئەوەیە کە رەوتی بەناو میللی ـ مەزهەبی‌یەکان کە خویان بە رەوتیکی ئازادیخوازو دیموکرات لە قەلەم دەدەن لەم هەلو مەرجە ناسکەدا کە ولاتەکەمانی پیدا دەروا، دەستی یارمەتی بو کوماری ئیسلامی دریژ دەکەن‌و دەبنە مەقاشی دەستی کاربەدەستانی کوماری ئیسلامی لە تەواوەتی خویدا. بەو حالەش بە سەرنجدان بە رادەی ئیعتیبارو نفووزی ئەم رەوتە پیناچی بەشداریکردنی ئەوان لە هەلبژاردنی دەرەوەی دووهەمی شووراکان‌دا بتوانێ کاریگەری‌یەکی ئەوتۆ لەسەر هەلبژاردنی شووراکان دابنی. بیگومان ئەو ئیعتیبارە سیاسی‌یەی کە ئەم رەوتە لە وەها مامەلەیەك‌دا لە نیو بیرورای گشتیی خەلك‌و لایەنە سیاسی‌یە پیشکەوتوەکان دەیدورینی زور زیاترە لەو بەرژەوەندی‌یە کاتی‌و کەم نرخەی کە رەنگە لە ئاکامی ئەم هەلبژاردنەدا بەدەستی بینی.

رەوتی رووداوەکان بە شیوەیەك دەچیتە پیشێ کە دەخوازێ هەموو هیزو لایەنەکان بە بێ پەردەو راشکاوانە بیروبۆچوونەکانی خۆیان بخەنە روو. ئیتر کاتی ئەوە نەماوە کە هیزو لایەنیك بتوانێ سیاسەتیکی ناروون بگریتە پیش‌و هەلپەرستانە بیەوێ لە هەر رووداویك‌و پیشهاتیکی سیاسی بەشیك بۆ خۆی وەلا بخاو بۆ بەرژەوەندیی کاتیی خۆی بەکاری بینێ. سەردەمی ئیستا، سەردەمی بەرنامەی روون‌و راشکاوانەو بێ تەمومژەو خەریکە دوو بەرەی ئازادیخوازی‌و کۆنەپەرستی لە گۆرەپانی سیاسی ئیران‌دا سنوورەکانیان بە تەواوی لیك جودا دەبیتەوە. ئیتر هیچ حیزب‌و لایەنیکی سیاسی ناتوانێ لە نیوان هیلەکانی ئەو سنوورەدا هاتوچۆ بکاو لە ئیمکاناتی ئەو دوو بەرە دژبەیەکە بۆ بەرژەوەندی‌یەکانی خۆی کەلك وەرگرێ.

بۆیە پیویستە هەموو هیزو لایەنە سیاسی‌یەکان بە میللی ـ مەزهەبی‌یەکانیشەوە هەلویستی خۆیان راشکاوانە لە سەر مەسەلە پیوەندیدارەکان بە چارەنووسی گەلانی ئیرانەوە دەر ببرن. یەکەم مەرجیش دوورکەوتنەوەی بێ‌ئەملاو ئەولایە لە بەرەی سەرەرۆیی‌و کۆنەپەرستی‌و پەیوەست بوونە بە بەرەی ئازادیخوازی‌و دیموکراسیخوازی‌یەوە، بەرەیەك کە تەنیا ئالترناتیڤی جیددی‌یە بۆ کۆماری ئیسلامی لە داهاتوویەکی نە هیندە دووردا.

# بەرەو هاوکاری هیزەکانی ئۆپۆزیسیون و کارکردن بۆ دانانی پلاتفۆرمیکی پیشکەوتنخوازانه

عەولاّ بەهرامی

**"هەر یەکگرتنیك لە نیوان گرووپەکانی ئۆپۆزیسیونی ئیرانیدا پیویسته لە سەر ریزە ئامانجیکی هاوبەشی نیشتمانی بیّ و تەنیا ئەو هیزانەش بگریتەوە کە باوەریان بەو ئامانجانە هەبیّ و بە کردەوە بۆ وەدیهاتنی تیّبکۆشن."(*)**

ئاماژە:

یەکیك لەو مەسەلە گرنگانەی لە راپۆرتی سیاسیی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ پلینۆمی هەشتەمی کومیتەی ناوەندیی هەلبژیراوی کۆنگرەی دوازدەیەمدا گرنگییەکی تایبەتی پیّ درابوو، بریتی بوو لە: پیویستیی کارکردن بۆ لیك نزیکبوونەوەو هاوکاریی هیزەکانی ئۆپۆزیسیون لە ئاستە جیاجیاکاندا. پیّداگرتنەوە لە سەر ئەو مەسەلەیە لە لایەك نیشاندەری بڕوای قوولی حیزبە بەو ئەسلە خەباتکارانەیەو لە لایەکی دیکەشەوە نیشاندەری وردبینیو واقیعبینیی ریبەرایەتیی حیزبە سەبارەت بەو گۆرانکارییە سیاسییانەی کە لە پیوەندی لەگەلّ داهاتووی سیاسیی ئیراندا هاتوونەتە گۆریّ. لەراستیدا کارکردن بۆ ئەو مەبەستە جگە لەوەی دووربینیی سیاسیی هەر هیزیکی سیاسی دەردەخا، دەربری رادەو ئاستی هۆشیاریو هەستی بەرپرساریتیی هەر هیزیکی پیشکەوتنخوازو جیددیی گۆرەپانی سیاسیی ئیرانە.

***

گومان لەوەدا نیە کە هاوکاریی هیزەکانی ئۆپۆزیسیونو وەسەریەك کەوتنەوەی توانا سیاسی، ریکخراوەییو جەماوەرییەکانیان یارمەتیدەرە بۆ رووخانی ریژیم، بەلاّم کۆبوونەوەی ئەو هیزانە لە دەوری پلاتفۆرمیکی هەمە لایەنەو پیشکەوتنخوازانە کە لەودا وەلاّمی داخوازە نەتەوایەتییەکانو پیداویستییە سیاسی، ئابووری، کۆمەلاّیەتیو فەرهەنگییەکانی ئیستاو داهاتووی ولاّت بداتەوە، لەراستیدا جۆرە گرەنتییەکە بۆ هەلومەرجی دوای رووخانی ریژیم. ئەزموونە میژووییەکانی ولاّتانی دیکتاتۆر لیدراوو یەك لەوان ئیرانی پاش رووخانی ریژیمی پاشایەتی ئەو راستییەیان نیشان داوین کە بە بیّ لەگۆریّدا بوونی بەرەیەکی پیشکەوتنخواز لە هیزەکانی ئۆپۆزیسیونو لەوەش گرنگتر بەبیّ لە ئارادابوونی بەرنامەیەکی سیاسیی روونو هەلسەنگیندراو کە لەودا دوورەدیمەنی سیاسیی ولاّت دیاری کرابیّ، بیجگە لەوەی کە دەرەتانی دریژەکیشانی تەمەنی دیکتاتۆری پیك دینیّ، مەترسیی سەرهەلدانەوەی دیکتاتۆرییو سەرەرۆییشی (لە شکلّو بەرگیکی دیکەدا) بەدواوەیە.

ئیستا ئیدی بۆ زۆربەی هیزە سیاسییەکانی ولاّت دەرکەوتووە کە بە هاتنە گۆری ژمارەیەك فاکتەری وەك: بەرینبوونەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کۆمەلاّنی خەلك، گۆرانکارییە سیاسییە ناوچەییو نیودەولەتییەکانو...، زەرووڕەتی لیك نزیکبوونەوەو کۆبوونەوەی هیزەکانی ئۆپۆزیسیون لە دەوری پلاتفۆرمیکی هاوبەش، زیاتر لە هەر کاتیك لە گۆریّ دایە. بیّگومان لیك نزیکبوونەوەو پیکهاتنی پرۆسەی دیالۆگ لە نیوان هیزەکانی ئۆپۆزیسیوندا لە هەر قۆناخیکدا بیّ، گرنگیی تایبەتی خۆی هەیەو دەتوانریّ وەك سەرەتایەکی دلخۆشکەر چاوی لیّ بکریّ. ئەو دیاردەیە جگە لەوەی نیشاندەری دوورکەوتنەوەو خۆ بواردنی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە، لە دووپات بوونەوەی ئەزموونە پر لە ناکۆکیو ناتەباییەکانی پیشوو، زەمینەیەکی لەباریشە بۆ گەلاّلەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەشو فرەرەهەند بۆ داهاتووی سیاسیی ئیران.

ئەگەر زەرووڕەتی پیکهینانی رەوتی دیالۆگ وەك دیاردەیەکی سەردەمیانە لە نیو هیزەکانی ئۆپۆزیسیوندا هەستی پیّ کراوە، پیویستە ئەوەش لەبەرچاو بیّ کە دەبیّ هەموو بەما مەنتیقییەکانی دیالۆگیش بپاریزین، گویّ لە دەنگە جیاوازەکان بگیریّو بە کورتی رەوتی دیالۆگی هیزەکانی ئۆپۆزیسیون بەرنامەیەکی هەمەلایەنەی ئەوتۆی لیّ بکەویتەوە کە لە ئاست پیداویستییەکانی ئیستاو داهاتووی ئیراندا بیّ، ریگای دووبارەبوونەوەی تراژیدییەکانی میژووی سیاسیی ئیران جاریك بۆ هەمیشە بەربەست بکاو بەگشتی هەموو ئەو بیروبۆچوونە پیشکەوتووو مەنتیقیانەی تیّدا بگونجیّ کە بۆ سیستمی سیاسیی داهاتووی ئیران پیویستن.

دووئەسلی بنەرەتی کە دەتوانن ببنە بنەمای پلاتفۆرمی هاوبەشی هیزەکانی ئۆپۆزیسیون بۆ داهاتووی ئیران:

**نیزامیکی دیموکراتیك:**

دامەزراندنی نیزامیکی دیموکراتیك کە لەودا سەرچاوەکانی هیزو گۆرینی دەسەلاّتی سیاسی ویستو ئیرادەی هاوولاّتیانی ئیران بە تاكو گرووپە کۆمەلاّیەتی، سیاسیو نەتەوایەتییەکانی پیکهینەری ئیران بیّ دەتوانیّ ببیتە بنەمایەکی ئەمرۆییو مودیرن بۆ دارشتنەوەی قەوارەو پیکهاتەی دەسەلات لە ئیراندا. جیا لەمە گەرانەوە بۆ هەرکام لە شکلەکانی حکوومەت لەراستیدا ریگا خۆشکردنە بۆ گەرانەوەی دیکتاتۆری لە شکلە جۆراوجۆرەکانیدا. بەم پییە دەتوانین بلیین کە ئەم ئەسلە ویرای ئەوە کە سەرەکیترین ئەسلی هەر پرۆژەو گەلاّلەیەکە کە بۆ داهاتووی سیاسیی ئیران، پیویستە هەموو لایەنو تایبەتمەندییەکانیشی بەروونی دەسنیشان بکرین.

دیارە کە باس لە نیزامی دیموکراتیك وەك سیستمیکی پیشکەوتووی حکوومەتی بۆ داهاتووی ئیران دەکەین، پیویستە سەرەتا باس لەو تایبەتمەندییانەش کرابیّ کە پیویستە سیستمیکی ئەوتۆ لە ئیراندا لیی بەهرەمەند بیّ. دەسەلاّتی ناوەندی لە ئیراندا هەرچەند پاشگرو پیشگر دیموکراتیکیشی دابەشکردنی لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی کۆمەلگای ئیران تاریف نەکرابیّ، ناتوانیّ چارەسەری گیروگرفتو کیشە لە میژینەکانی دەسەلاّت لە ئیراندا بکا. بەدلنیاییەوە دەتوانین بلیین یەکیك لە سەرەکیترین سەرچاوەکانی سەرهەلدانو دریژەکیشانی سەرەرۆییو دیکتاتۆری لە ئیراندا بریتییە لە دابەش نەبوونی دەسەلاّت. دەسەلاّت لە ئیران لانیکەم لە دریژایی میژووی نویّدا هەمیشە بیجگە لەوەی لە ناوەند کۆبۆتەوە، تەنانەت لە دەستی تاکە کەسیك یان تاقمیکدا کۆبۆتەوە. دیارە کۆبوونەوەی دەسەلاّت لە دەست کەسیك یان تاقمیکدا ئاکامەکەی شتیك نیە بیجگە لە دیکتاتۆریی تاك یان تاقمیك.

کۆبوونەوەی دەسەلاّت ئەگەر هۆکاریکی سەرەکی بووە بۆ شکلّگرتنی دیکتاتۆری، هۆکاریکیش بووە بۆ چەوساندنەوەی نەتەوایەتی لە ئیراندا. چونکە کۆبوونەوەی دەسەلاّت لەدەست کەسانی شۆڤینیستی سەر بە هەر نەتەوەیەك ئەگەر لە ریگای هەلبژاردنیشەوە بیّ، ریگا خۆشکەرە بۆ دریژەکیشانی ستەمی نەتەوایەتی لە ئیراندا. لیرەدا دەگەینە ئەو راستییە کە دەسەلاّت لە ئیرانی داهاتوودا دەبیّ بە پیی پیکهاتەو دابەشبوونی نەتەوایەتی لە ئاستیکی دیکەشدا دابەش بکریّو بە شیوەیەکی روونو تەفسیر هەلنەگریش لە یاسا بنچینەییەکاندا رەنگ بداتەوە.

ئەزموونەکانی ئەو ولاّتانەی کە پیکهاتەی فرەنەتەوەییيان هەیە دەریان خستوە کە تەنیا سیستمیك کە توانیویەتی بە شیوەیەکی بەرچاو مافو ئازادییە نەتەوەییەکانی نەتەوەکان بپاریزیّو ئەوان لە دەسەلاّتی ناوەندیدا بە شیوەیەکی عادیلانە بەشدار بکا، سیستمی فیدرالییە. بیجگە لەوانە، فیدرالیزم ویرای پەرەپیدانی دیموکراسی، زەمینەی گەشەو شکلّگرتنی فەرهەنگی دیموکراسی وەك پیویستیی لە ولاّتدا پیك دینیّ، سیستمیکە کە لە توانایدا هەیە قەرەبووی دواکەوتوویی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ولاّت بکاتەوەو بەم شیوەیە ریگا بۆ پەرەئەستاندنی هاوسەنگی ناوچە نەتەوەییەکانو دابەشبوونی عادیلانەی داهاتەکانی ولاّت بەسەر هاوولاّتیاندا خۆش دەکا.

**ئازادییە تاکە کەسیو مەدەنییەکان**

دەسەلاّتدارەتیی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٢٤ سالی رابردوودا بەو رادەیەی هەرەشەیەکی مەرگهینەر بووە بۆ سەر ئازادییە سیاسییەکان، بەو رادەیەش دەستدریژیی کردۆتە سەر ئازادییە تاکە کەسیو مەدەنییەکانی هاوولاّتیان. ریژیمی دەسەلاّتدار بە هەموو توانایەوە هەولی داوە بیروبۆچوونە دواکەوتووانەو کۆنەپەرستانەکانی بکاتە هەوینی گۆرینی فەرهەنگیو کۆمەلاّیەتیو بۆ ئەو مەبەستەش تەنانەت هەولی زۆری داوە زانکۆو ناوەندە فیرکارییەکانی ولاّت بکاتە ناوەندی بارهینانی بەرەیەك کە قالبی ئیدئۆلۆژییەکانی ئەوی لەخۆ گرتبیّو بە ئاسانی واز لە هەموو مافە تاکە کەسیو مەدەنییەکانی بینیّ.

ئەمرۆکەو لەم سەردەمەدا کە جیهان بە هۆی تیکنولۆژیی پیوەندییەکان تادیّ لیك نزیك دەبیتەوەو بەو پییەش دەرەتانی ناسیاوی پەیداکردن سەبارەت بە مافو ئازادییە تاکە کەسیو مەدەنییەکان لە زیادبوون دایە، ناکریّ هیچ سیستمیکی دیموکراتیك بە هیچ بیانوویەك خۆ لە دابینکردنی ئەو مافانە بدزیتەوە. کۆمەلگای ئیران بەگشتیو ناوچە جۆراوجۆرە نەتەوەییەکان، پیویستە قەرەبووی دواکەوتوویی فەرهەنگیو کۆمەلاّیەتییەکانیان بکەنەوە. سروشتییە بۆ هەر گۆرانیکی لەم چەشنە سەرەتا دەبیّ بە پیی میکانیزمیکی یاسایی مافی تاكو گرووپە کۆمەلاّیەتییەکان دابین بکریّ.

***

هیواداری دەردەبرین هەنگاونانی هیزە پیشکەوتنخوازو دیموکراتەکانی ئۆپۆزیسیون بۆ پیکهینانی زەمینەیەکی لەبار بۆ هاوکاریی خەباتکارانە، بەرنامەیەکی روونو هەمە لایەنەی ئەوتۆی لیّ بکەویتەوە کە لەبەر رۆشنایی دوورە دیمەنی، ئیرانیکی دیموکراتیكو پیشکەوتووی لیّ بەدی بکریّ.

(*) راپۆرتی سیاسیی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حیزب

# دەردە دل لە گەل رۆژنامەی "کوردستان" دا

"دەقی نامەیەك کە لە مەهابادەوە بۆ رۆژنامەی"کوردستان" نیردراوە:

**وەتەن گیان سەرو مالم فیدای تۆ**
**وەگیانی من کەوی دەردو بەلاّی تۆ**
**لە پیناوت دەنیم سەر تا بزانی**
**منم رۆلەیەکی ئازاو با وەفای تۆ**
**لە بۆ پاراستنو حیفزی سنوورت**
**لی باتی( ماژینۆ) سینگم قەلاّی تۆ**

دەمهەوی لە سەر ئەو هەمووە درۆو دەلەسەیە بنووسم، دەمهەوی لە سەر ئەو هەموو دەردو بەلاّیەی کە بە سەر ئەم میللەتەدا دەهینری بنووسم. دیارە بە سەدان جار گوتراوەو نووسراوە، بەلاّم دیسان هەر دەبی بگوتریو زیاتری لە سەر بنووسری.

دامەزرینەرانی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە ماوەی ئەو چەند سالەی رابردوودا، وەها بەلاّیەکیان بە سەر گەلانی بیچارەی ئیراندا هیناوە کە مەغوول نەی کردوە، هەر ئەو نوینەرانەی خودا لە سەر زەوی رۆژیك لە تانکیری نەوت دا رۆنی خواردن دینن بۆ خەلکیو کاتیك هاواری لە سەر ساز دەبی، دوای هینانو بردنیکی ساز دراو دەمامك دەکری. رۆژیك کاك شەهرام سەر هەلدەدا کە بە میلیاردی بە دەستەوەیەو وەك فیلمی هیندی لە ریبەرەوە هەتا سەرۆکی کوری دیاریکردنی مەسلەحەتی نیزامو ئیمام جومعەو... کاتیك گەندی دیتە دەری دادگایەکی فەرمایشی بۆ ساز دەدەنو دوای هیندی هاتو هاوار سەرپۆشی لە سەر دادەنین. رۆژیك گۆشتی"فاسد" دیتە گۆری، هاوار ساز دەبیو چەند نەفەران دەگرن، ئەوە سی مانگە ئەو خەلکە لە جیاتی گۆشت" کالباس "و"سوسیس" دەخۆن، ئیستاکە دوای ئەوە کە گەندی دەرهاتوە لە ریگەی تەلەڤیزیۆنەوە رادەگەیەنن کە بەرهەمەکانی کارخانەی کالی بۆخواردن نابنو... هتد.

رۆژیك هاوار بۆ(خودرو افتخار ملی)، دەکەن، کە هیوایان تیدایە ئیستا لە کارخانە دەرنەکەوتوە، موتۆرەکەی لە کار دەکەوی. یا شتی دەستی دووهەمو کۆنیان تیدا دەبیندریتەوە، وەك میلەنگی کۆنو... لەلایەن خەلکەوە بە دەیان جار لە سەر ئەو بابەتە هاتو هاوار ساز دەبیو لە سەر تەلەڤیزیۆن بلاّودەبیتەوە، بەلاّم "میزگرد"یك ساز دەدەنو ئەوانەی لیی حالین باس دەکەن کە ماگزیما لە شوینی بەرهەمهینانی خۆی بە ١٦ میلیۆن تمەنی ئیرانی دەفرۆشریو لە نیو خۆی ئیرانیشدا بە ٤٦ میلیۆن دەیفرۆشن، بۆیەش" خودروملی" تەنیا "افتخار ملی" بۆ ئیمە نەهیناوە، بەلکو بی ئابروویی میللیشی بۆ دروست کردوین.

رۆژیك هاواری دیفاع لە ژینگە دەکەن، کە برینەوەی لیرەوارەکان زەرەری زۆرە، کەچی لە هەمان کاتیشدا دەست بە تالاّنی لیرەوارەکان دەکەن. دیارە هیچ کەس بە غەیری خۆیان ئەو کارە ناکا. جاری وایە رادەگەیەنن کە هیکتاریك لە لیرەوارەکان لە شەویکدا بنەبر کراوە. ئاخر کی دەتوانی بەم شیوەیەو بە ئاشکرا دزی بکا، خۆیان نەبی؟

رۆژیك باسی خەم خواردن لە وەرزش دیتە گۆری بە تایبەتی تۆپی پی (فوتبال)، ئەوە ماوەی سالیکە دوای خۆپیشاندانی لاوانی وەزالە هاتوو لە مەیدانی ئازادیدا، هیشتا هیچ کیبەرکییەك لەو مەیدانەدا بەریوە نەچووە، تەنانەت دوای تیپەرینی دوو مانگ لە پاییز کیبەرکییەکانی تۆپی پی لەو مەیدانەدا دەستیان پی کردەوە، ئەویش لە"استادیومی" تەختی کە تەنیا لایەکی بۆ دانیشتنی چاولیکەران دەبی ئەویش بەزۆری ئەگەر ١٠ هەزارکەس جیگەی بیتەوە. بە دامرکاندنەوەی لاوانی وەزالە هاتوو بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانیان، بەو شیوەیە گالتە بە کایەی تۆپی پی دەکەن، ئیستا دوو تیمی گەورەی ئیران"(پیرسپۆلیسو ئیستقلال) دوای تیمی (ئیسفەهان) لە رەدەی دووهەمو شەشەم دان.

راهینەری دلسۆزو گەورەی کورد دوکتور زولفەقار نەسەب، هەتا چەند مانگ لەوە پیش لە باشگا دەستە دووهەمەکانی تۆپی پی دا بە زۆری جیگای خۆی کردبۆوە، هەر ئەو بەریزە کە لە گەل"ویرا" لە ئوسترالیا تیمی تۆپی پیی ئیرانی گەیاندە جامی جیهانی، رەنجەکەی "ویرا"و زولفەقار نەسەب کیشایان کەچی تیمەکەیان تەحویلی تالبیداو ئەو دلسۆزەیان کردە راهینەری تیمی دەستە دووهەم. ئاغای جەلالی موورادی داوەری کەم وینەی کوردی ولاّتەکەمان لە بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی ٩٠دا (٨١/١٠/١٦) باسی کرد کە ئیوە چ شتیکتان بۆ ئیمە کردوە تاکو ئیمە وەك داوەریکی بیانی بجوولینەوە، کاتیك بە داوەری نموونە هەلبژیردرامو خەلاّتیان پیدام، پیتانوایە خەلاّتەکە چی بوو، تۆپیکی ماکیتو سکەیەکی بەهاری ئازادی بوون، کە ٥٠ هەزارم بە هاتوو چۆکەی داناو ١٠ هەزاریشم بۆ مالو مندالەکانم بردەوە، بەو شیوەیە ریزمان لیدەگرن. ئەوەی وەرزشکاران لە هەرکام لە لقە وەرزشییەکان بەدەستی دەهینن هەمووی دەگەریتەوە سەر توانایيو تیکۆشانی خۆیان، دەنا ئەوەی لە ئیراندا گرینگی پی نادری بەشی راهینانە.

دیارە دراویکی زۆری ئەو ولاّتە لە لوبنانو سووریەو... خەرج دەبی، هەرکاتیش کە خەزانەی دەولەتی کەمی هینا فیلو تەلەکەی نوی ساز دەدەنو لە سەر قەبزی ئاوو ئاوەرۆو... زیادی دەکەن، بۆ وینە بنەمالەیەك کە بە ئەندازەی ١٠٠٠ تمەنی ئاو خەرج کردبی، دەبی بیجگە لە پارەی ئاوەکە ٢٠٠٠ تمەنیش پارەی ئاوەرۆ بدا، لە حالیکدا بەشیکی زۆری ئاوەرۆی شار بە پارەی خەلك دروست کراوە. بەو شیوە پارە کۆدەکەنەوەو کەسیش نازانی دەچیتە گیرفانی چ کەسیکەوەو چی لی دەکری.

خوابکا قەت ریت لە"دادسرا" نەکەوی، خۆ خەلاّسیت نایە، کارەکەت نەختی گیری هەبی، دەبی دارایی حاتەمی تاییت هەبی تا بتوانی بە مافی خۆت بگەی، کریکاریك سویندی دەخوارد کە کورەکەم لە سەر هینانو بلاّوکردنەوەی بلاّوکراوەکانی حیزب گیراو حوکمی ئیعدامیان دایە، کەچی دوای دیتنەوەی کلیلی"دادسرا" چووین بۆ لاّی ریبەر، دوای یەکتر ماچ کردن، وەزعی منو کورەکەمی بۆ باس کردو داوای شکاندنی ئەو حوکمەی لی کرد، ئەویش هیندیکی بیر کردەوەو گوتی: دەبی ١٦ میلیۆن تمەن لە ژمارە حیسابی من بکەیو هەتاکو پارەکەش تینەکەی نابی باسی هیچ بکەی. منیش ماشینو زەویو مالو هەموو شتیکم فرۆشت، هەتا کورەکەم لەو وەزعییەتە رزگار بکەم، پارەکەم بۆ گەیاندو حوکمەکەیان دابەزاندە ١٨ سالّو ئیستاش داشقەم پیّیەو کار دەکەم، کە زۆربەی مانگەکان ناتوانم لەبەر بیّپارەیی بچمە سەردانی جگەرگۆشەکەم.

ئاخو هەزاران ئاخ، ئەو میللەتە هەتا کەی بەو شیوەیە بیدەنگ دادەنیشیّو هەتا کەنگیّ لە ئاستی نیونەتەوەییشدا بەو شیوەیە لەسەر ئەو میللەتە مامەلە دەکریّ، هیوادارین کە ویژدانی ولاّتانی دەسەلاّتداری جیهان وەخەبەر بیّو چیدیکە ئەو زولمو نەهامەتییەی لە سەر گەلانی ئیرانو بەتایبەت گەلی کوردە، قبوولّ نەکاو دەروازەیەك بە رووی ئەم ولاّتو گەلە بەلاّ لیدراوەدا بکریتەوە.

## رۆژنامەنووسیی کوردی

# لە سەر دەمی کۆماری کوردستان‌دا

**ناساندنی کتیب:**

کۆماری کوردستان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستاندا جیگایەکی میژوویی ئەوتۆی بۆ خۆی تۆمار کردوە کە هەتا هەتایە رۆلەکانی گەلی کورد بە سەربلیندی‌یەوە ئاوری لی دەدەنەوەو یادی دەکەنەوە. یاد کردنەوە لە کۆماری کوردستان تەنیا یادکردنەوە لە دامەزرانی یەکەم جمهووریی دیموکراتیکی کورد نیە، بەلکوو لە هەمان کاتدا دەرفەتیکە بۆ زۆر لە نووسەران‌و رۆشنبیران تا بە شوین زۆر لایەنی درەوشاوەی ئەو کۆمارەدا بگەرین کە هەتا ئیستاش بە تەواوی نەخراونەتە روو. کارنامەی ١١ مانگ تەمەن‌و دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بۆتە جیگای سەرنجی زۆر لە نووسەران‌و رۆشنبیران‌و هەتا ئیستا بە دەیان کتیب‌و نامیلکەو وتاری جۆراوجۆر لە سەر لایەنەکانی کۆمار بڵاوکراونەتەوە. تەنانەت زۆر لە خویندکاران تیزی زانکۆکەیان سەبارەت بە کۆماری کوردستان هەڵبژاردوە.

لیرەدا چاوخشاندنیکی کورتمان هەیە بەسەر دوو بەرهەمی تازە چاپ کراوی بەریز د.هیمداد حوسین نووسەرو مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین کە لەم دوایانەداو لە قەبارەی دوو کتیبی سەربەخۆدا بڵاوبوونەتەوە کە بریتین لە: کتیبی "رۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان"و کتیبی: "گۆڤاری گروگالی منداڵانی کوردو سەرەتای رۆژنامەنووسیی پەروەردەیی". هەر دوو کتیبەکە بە نۆرەی خۆیان تیشك دەخەنە سەر لایەنیکی گرنگی دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان لە بواری رۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی ئیراندا.

### کتیب: رۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان (١٩٤٧ـ ١٩٤٢)


**نووسەر: د. هیمداد حوسین**


**بابەت: لیکۆلینەوەی رۆژنامەنووسی**

**تیراژ: ٤٠٠دانە**

**ناوەندی چاپ: دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم (سلیمانی)**

کتیبی "رۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری کوردستان" کە ٣٤٨ لاپەرەیە، نامەیەکی دوکتۆرایە کە لە لایەن نووسەرەوە بۆ ئەنجومەنی کۆلیژی زمان لە زانکۆی سلیمانی ئامادە کراوەو لیکۆلینەوەیەکی هەمەلایەنەیە سەبارەت بە رەوتی رۆژنامەنووسیی سەردەمی کۆماری کوردستان. ئەم کتیبە لە پیشەکی‌یەك‌و چوار فەسڵ‌و پاشکۆیەکی دەولەمەند پیك هاتوە. لە پیشەکیی ئەم کتیبەدا نووسەر ویرای ئاماژە کردن بە کۆسپەکانی سەر ریگای ئەم لیکۆلینەوەیەو دەست رانەگەیشتنی بە زۆر سەرچاوەی بەنرخ، سنووری لیکۆلینەوەکە دەست نیشان دەکاو پاشان ئامانجەکانی لیکۆلینەوەکە شی دەکاتەوەو باس لە گرنگی‌و ئامانجی لیکۆلینەوەکە دەکا.



**فەسلی یەکەم:**

لەم فەسلەدا پانۆرامای گۆرانکاری‌یە میژوویی، سیاسی‌و فەرهەنگی‌یەکانی سەردەمی کوردستانی ئیران‌و دامەزرانی کۆمەلەی "ژێ کاف" ئاماژەی پێدەکرێ. کۆبوونەوەی عەشیرەتەکان، کۆمەلەو قازی محەممەد، دامەزرانی حیزبی دیموکرات، کۆماری کوردستان، چەند بەشیکی دیکەی ئەم فەسلە پیك دینن. هەر لەم فەسلەدا باس لە دانانی پرۆگرامی خویندن بە زمانی کوردی، دامەزرانی کتیبخانەی میللیی کوردستان، دانانی رادیۆی دەنگی کوردستان، دانانی چاپخانە، دامەزرانی یەکیەتیی ژنان، شانۆی کوردی‌و ناردنی کۆمەلیك خویندکار بۆ باکۆو دامەزرانی ریکخراوی لاوان لە لایەن کۆماری کوردستانەوە کراوە. ئەم فەسلە جگە لەوەی لەگەڵ بارودۆخی سیاسی ناوچەکە لەو سەردەمەدا ئاشنامان دەکا، دەستپیکردنیکی باشیشە بۆ ناساندنی پانتایی‌یەك کە بزووتنەوەی رۆژنامەنووسیی کوردی تیی‌دا سەرهەڵدەدا. بەو حالەش نووسەر هەر لە پیشەکی ئەم کتیبەدا باس لە شیوازی کاری کتیب دەکاو دەنووسێ: "ئیمە میتۆدی میژوویی ـ وەسفیمان دەبەر گرتوە کە بتوانین بە پیی ریزبەندیکی میژوویی لە رووداوەکان بکۆلینەوەو پێ بە پێ لەگەڵ چالاکی‌یە ئەدەبی‌و رۆژنامەنووسی‌یەکەدا برۆین. پەنامان وەبەر میژوو بردوە لە وەسف کردنی چالاکی‌یە کەلتووری‌یەکان. بەم پێیە ئەم لیکۆلینەوەیە دەچیتە خانەی میژووی رۆژنامەنووسیی کوردی".

**فەسلی دووهەم:**

فەسلی دووهەمی ئەم لیکۆلینەوەیە دوو تەوەری جیاو پیوەندیداری لەخۆگرتوە. تەوەری یەکەم باس لە چاپخانەو بڵاوکراوەکانی کۆمەلەی "ژێ کاف"و کۆماری کوردستان دەکاو تەوەری دووهەمیش تەرخان کراوە بۆ ناساندنی بڵاوکراوەکانی کۆمەلەی ژێ کاف‌و کۆماری کوردستان. لە بەشی یەکەمی ئەم فەسلەدا نووسەر ویرای ئاماژە بە سەرەتاکانی رەوتی رۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی ئیراندا، دیتە سەر چۆنیەتی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "نیشتمان"و بڵاوکردنەوەی چەند نامیلکەی دیکە لە لایەن کۆمەلەی ژیانەوەی کوردو یەکەم بەرهەمی چاپخانەی بۆکان بە ناوی "سلسلە مەشایخی نەقشبەندی"و هەروەها دانانی چاپخانە لە مەهاباد و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی "کوردستان" وەك زمانحالی حیزبی دیموکرات کە ئیستاش بڵاوکردنەوەی ئەم رۆژنامەیە دریژەی هەیە. بەشی دووهەمی ئەم فەسلەش تەرخان کراوە بۆ ناساندنی بڵاوکراوەکانی "نیشتمان"، "هاواری کورد"، "هاواری نیشتمان"، "هەڵاڵە"، "گروگالی منداڵانی کورد"، گۆڤاری "کوردستان"و رۆژنامەی "کوردستان". هەر لەم بەشەدا نووسەر ویرای ناساندنی ئەو بڵاوکراوانە، هەر کامەیانی لەبواری هەلەو کەموکووری‌یەکان‌و هونەری رۆژنانەنووسیی دەرخستوون.

**فەسلی سیهەم:**

ئەم فەسلە لە دوو بەش پیك هاتوە. لە بەشی یەکەم‌دا نووسەر تیشکی خستۆتە سەر رۆژنامەنووسیی کوردی بە زمانی فارسی‌و کوردی لە دەرەوەی کۆماری کوردستان. ئەم بەشە بە تایبەتی تەرخان کراوە بۆ باس لە حەوتوونامەی "کوهستان" کە کاتی خۆی لە تاراندا بڵاو دەکرایەوە. بەشی دووهەمی ئەم فەسلەش تەرخان کراوە بۆ خستنە رووی هاوکاریی رۆشنبیران‌و نووسەرانی کوردستانی عیراق لەگەڵ بڵاوکراوەکانی ژێ کاف‌و کۆماری کوردستان، کە لیرەشدا تیشك خراوەتە سەر دوو جۆرە هاوکاریی ئەم رۆشنبیرانە؛ یەکەم ئەوانەی لە کوردستانی عیراقەوە وتارەکانی خۆیان ناردوە بۆ ئەو بڵاوکراوانە، دووهەمیش ئەو رۆشنبیرو نووسەرانە کە بەشداریی راستەوخۆیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو بڵاوکراوانەدا هەبووە.

**فەسلی چوارەم:**

ئەم فەسلە تایبەتە بە ورد بوونەوەو خویندنەوەی ئەو بابەتانەی لە بڵاوکراوەکاندا بڵاوبوونەتەوە. لەم خویندنەوەیەدا ئاماژە کراوە بە هونەری شیعری سەردەم، وتار، وەرگیران‌و ئەدەبی منداڵان.

نووسەر سەبارەت بە هونەری شیعری لەو بڵاوکراوانەدا دەنووسێ: "لە رووی هونەری شیعری‌یەوە، ئەو شاعیرانە هەر هونەرەکانی شیعری عەرەبی‌و رۆژهەڵاتیان بەکار هیناوەو . . . لە رووی کیشی شیعرییشەوە هەر بەحرەکانی عەروزی‌و عەرەبین. لە رووی قافیەو وینەی شیعری‌یەوە هەموو خسلەتەکانی شیعری کلاسیکی کوردی‌دا هەمان شتن" (لاپەرە ٢٢٨). هەروەها سەبارەت بە شیوازی وتارنووسین لە بڵاوکراوەکانی کۆماردا دەنووسێ: "هەموو ئەو وتارانەی تیی‌دا بەرچاو دەکەوێ بە شیوەیەکی گشتی ریبازی ئەدەبی رۆژنامەنووسی‌و وتار بەتایبەتی رووگەیەکی سیاسی هەبووە" (لاپەرە ٢٥٦).

### کتیب: "گۆڤاری گروگالی منداڵانی کوردو سەرەتای رۆژنامەنووسیی پەروەردەیی"

**نووسەر: د. هیمداد حوسین**

**تیراژ:٢٠٠٠ دانە**

**ناوەندی چاپ: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە (هەولیر)**

کتیبی "گۆڤاری گروگالی منداڵانی کوردو سەرەتای رۆژنامەنووسیی پەروەردەیی" تەرخان کراوە بۆ لە چاپ دانەوەی هەر سێ ژمارەکانی گۆڤاری "گروگالی منداڵانی کورد" کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بڵاوبۆتەوە. ئەم کتیبە گرنگی‌یەکی یەکجار بەرچاوی هەیەو ماندووبوونی نووسەری بە تەواوی پیوە دیارە. نووسەری بەریز جگە لەوەی کۆپیی هەر سێ ژمارەی گۆڤارەکەی لە چاپ داوەتەوە، بەو حالەش هەر لەو کتیبەدا هەر سێ ژمارەکەی بە رینووسی ئەمرۆی کوردی (ئەلف‌و بیی عەرەبی)و کوردیی لاتینی دارشتۆتەوە کە لە ئەساس‌دا دەتوانین بلیین ئەم کتیبە، سێ کتیب لە کتیبیك دایە. ئەم کتیبە کە ١٧٥ لاپەرەیە، ویرای لەخۆگرتنی پیشەکی‌یەکی نووسەر، چەند لاپەرەیەکی تەرخان کراوە بۆ باس لە تیکنیکی رۆژنامەنووسی لە گۆڤارەکەداو جۆرەکانی ئەدەبی منداڵان وەك شیعر، وتارو هەروەها ژیاننامەی نووسەرانی گۆڤارەکە کە تیی‌دا ئاماژە بە ژیاننامەی چەند نووسەریك وەك محەممەد توفیق وەردی، مەلا قادر مودەریسی. محەممەد عەتری گلۆڵانی، م. ص قزلجی، م ئازەر، هەژار موکریانی‌و مامۆستا هیمن کراوە.

نووسەر لە لاپەرە ١٠ی کتیبەکەدا سەبارەت بەم گۆڤارە کە ٥٧ ساڵ لەمەوپیش لە شاری مەهاباد بڵاوبۆتەوە دەنووسێ: "لە میژووی رۆژنامەنووسیی کوردی‌دا ئەم گۆڤارە یەکەمین گۆڤاری کوردی‌یە بۆ منداڵان تەرخان کراوە. دەکرێ لیرەوە دەرك بە ستراتیژی راگەیاندنی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان‌و سیاسەتی دووربینانەی ئەوان بکەین".

**دەرەنجام:**

بیگومان هەر دووك کتیبی مامۆستا هیمداد حوسین شیاوی خویندنەوەو وردبوونەوەی زیاترن‌و نووسەری بەریز بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو بەلگانە رەنجیکی زۆری کیشاوەو خزمەتیکی بەرچاوی کردوە بە روونکردنەوەی میژوویەکی نادیاری رۆژنامەنووسیی کوردی‌و ئاشنایی نەسلەکانی داهاتوو بە هەولەکانی کۆمار لەو پیوەندی‌یەدا.

دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان" ویرای پیرۆزبایی‌و ماندوو نەبوونی لە بەریز د. هیمداد حوسین سەرکەوتنی هەرچی زیاتری لە مەیدانی لیکۆلینەوەو نووسین‌و خزمەت بە بزووتنەوەی رۆشنبیریی کوردی‌دا بۆ بەئاوات دەخوازێ.



**د. هیمداد حوسین:**

**ـ لە ١٩٦٤ لە هەولیر لە دایك بووە.**

**ـ لە ١٩٨٦ بە کالۆریوسی لە زمان‌و ئەدەبی کوردی لە کولیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتوە.**

**ـ لە ١٩٩٥ بروانامەی ماجیستیری لە ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سلیمانی وەرگرتوە.**

**ـ لە ٢٠٠١ بروانامەی دوکتورای لە رۆژنامەنووسیی کوردی لە زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتوە.**


**رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیران**

**بەیانیان سەعات ٦/٥ تا ٨/٥**

**ئیواران سەعات ٦ تا ٨**

**بەکاتی تاران**

**لەسەر شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر (فریکانسی ٣٩٨٥ کیلۆهیرتز) بە دوو زمانی کوردی‌و فارسی بەرنامە بڵاو دەکاتەوە.**

**بەرنامەی کوردی سەعاتی ١٢/٥ی پاش نیوەرۆ بەکاتی تاران لەسەر شەپۆلی کورتی ٤١ میتر بەرامبەر بە ٧٢٥٠ کیلۆهیرتز دووپات دەبیتەوە.**

**ژمارە تەلەفون‌و فاکس بۆ پیوەندی‌گرتن بە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیرانەوە:**

**تەلەفون: ٠٠٨٧١٧٦٢٢٨٠٧٣**

**لە دەرەوەی ولات یارمەتی‌یە مالی‌یەکانی خۆتان بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بدەن بەم حیسابە بانکی‌یە:**

C.C.P PARIS 68040
M020
FRANCE

**فیشە بانکی‌یەکەشی بۆ ئەم ئادرەسە پۆست بکەن:**

A.F.K.B.P.102 75623
PARIS CEDEX 13
FRANCE


# بۆ هاوکاریی زیاتری هیزە دیمۆکرات‌و پیشکەوتووەکانی ئیران تێبکۆشین

KURDISTAN
Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan
No: 359    19 Feb 2003

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب،
بڕاونە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:
www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com
http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

بەر لە ماڵاوایی

# دەرسێکی گرنگ بە نرخێکی زۆر گران!

ع. وریا

**"لە ئەشکی هەتیوانت**
**لە خوێنی شەهیدانت**
**سبەی کە بەهار دادێ**
**سەد گوڵی لالە دەڕوێ"(١)**

٢٤ ساڵ لەو شەوە مێژووییەیە تێپەڕی کە مزگێنیی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئیرانم لەگەڵ بڵاوبوونەوەی سروودی "ئەللا، ئەللا، ئەللا هوئەکبەر"دا بیست؛ ئەو شەوەی رادیۆی تاران کەوتە دەست خەلکی راپەریوو لە گەڵ بڵاوبوونەوەی سروودی هەست بزوین‌و هاندەرانەو هەوالی تەسلیم بوون‌و دەست بەسەرداگیرانی یەك بە دوای یەکی پیگەو پادگانە نیزامی‌یەکان‌و ناوەندەکانی ریژیمی شایەتی‌دا، داوای لە خەلکی چەك بە دەست دەکرد پیشی پەلاماری پاشماوەکانی ریژیمی پەهلەوی بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنەوەی دووبارەی رادیۆ دا بگرن.

☆☆☆

**"سبەی کە بەهار دادێ، ئازادو رەهاین،**
**نە ستەمیك نە زنجیریك لە بەرزایی خودا داین".(٢)**

لەگەڵ گویگرتن لەم سرووده لە بیست‌و چوارەمین سالرۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئیراندا، بەسەر شەپۆلەکانی دەریایەك بیرەوەریی نزیکەی چارەکە چەرخیك لە باشترین سالەکانی تەمەن کە لە خەبات لەگەڵ دیاری‌و بەرهەمی ئەو شۆڕشە واتە کۆماری ئیسلامی‌دا رابرد، دەگەریمەوە بۆ شەوی ٢٢ی ریبەندانی ١٣٥٧. ئەو کاتەم وەبیر دیتەوە کە منی میرمندالی ١٥ سالە لە خۆشییان ئۆخژنم دەهاتی‌و موچورکم بە لەش‌دا دەهات. دەچمەوە نیو تین‌و تاوو کەف‌و کوڵ‌و هەیەجانی ئەو ساتە میژووییەی کە شاهیدی رووخانی دیکتاتۆریەکی پەنجا سالەو وەلانرانی سیستمی ٢٥٠٠ سالەی پاشایەتی لە ئیراندا بووم. لەم گەشت‌و گەرانەمدا، لەگەڵ چاوگیران لە دیمەنە خویناوی‌یەکانی راپەرینی ریبەندانی ١٣٥٧ کە لەگەڵ سروودەکەدا، لە تەلەویزیۆنی کۆماری ئیسلامی بلاو دەبنەوە، لە سەر پەیام‌و ماناو نیوەرۆکی وشەو رستەکانی ئەو سروودە دەوەستم. بیر لە یەکەم بەهارو دەیان بەهارو وەرزی دیکە دەکەمەوە کە بە دوای سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەدا، بە ولاتەکەماندا هاتن‌و رابردن. ئەو بەهارو وەرزانەی کە لە سیبەری دەسەلاتی تازەدا، خەلك لە جیاتی ئەوەی بە جوانیی دیمەن‌و بۆن‌و بەرامەی لالە بەخوین رواوەکان گەش ببنەوە، ئەژنۆی خەمیان بۆ رژانی خوینی هەزاران لاوی دیکە گرتە ئامیز. بیر لە قسەکانی خومەینی، ئەو کەسەی سواری شەپۆلەکانی خەبات‌و راپەرینی خەلك بووو بوو بە ریبەری شۆڕشەکەیان، دەکەمەوە. ئەو ریبەرەی دیگوت "شا، شارەکان‌و گوندەکانی ویران کردن، زیندانەکان‌و گۆرستانەکانی ئاوەدان کردنەوە"، بەلام بۆخۆی هەر کە سواری ئەسپی دەسەلات بوو، ئەوەی ریژیمی پەهلەوی لە کوشتن‌و برین‌و ویرانی‌و دەمکوت کردن لە ماوەی پەنجا ساڵدا کردبووی، بە ماوەی کەمتر لە سالیك بە زیادەوەش کردی.

بروا ناکەم هیچ ئیرانی‌یەکی تیگەیشتووو ئازادیخوازو نیشتمانپەروەر، بە وەبیرهینانەوەی رۆژە حەماسی‌و پرشکۆکانی راپەرینی گەلانی ئیران لە سالی ١٣٥٧دا، لەیەك کات دا تووشی دوو هەستی بە تەواوی لیك جیاواز نەبێ: هەستی شانازی کردن بە ورەو ئیرادەی خەباتگیرانەی خەلکی ولاتەکەی کە بە دەستی بەتاڵ بەگژ یەکیك لە بەهیزترین ریژیمەکانی ناوچەو یەکیك لە بۆگەنترین‌و دژی خەلکی‌ترین سیستمەکانی دەسەلاتدارەتی‌دا چوونەوەو خستیانە نیو زبلدانی میژووەوە. هەر لەو کاتەدا هەستی بەداخبوون لەوە کە تاقمیك شەییادو خەلك هەلخەلەتین، لە بێ‌ئەزموونی، لە سادەیی، لە متمانەو خۆشباوەری‌و بیروباوەرو هەستی ئایینیی خەلکی ولاتەکەمان، بۆ مەبەستە چەپەلەکانی خۆیان کەلکیان وەرگرت‌و دەستیان بەسەر دەسکەوت‌و بەرهەمی دەیان ساڵ خەباتی شۆڕشگیرانی ئیران‌و بەری رەنج‌و قوربانیدانی بە میلیۆن ئیرانی داگرت.

☆☆☆

ئیستا ئەو ریژیمەی لە ئاکامی لاریّ کردن‌و ناکامیی شۆڕشی گەلانی ئیراندا هاتە سەرکار، پیی ناوەتە بیست‌و پینجەمین سالی تەمەنی خۆی، بێ ئەوەی لە هیچ کوێیەکی ئیراندا لەو "بەهار" و "گولستان" و "ئازادی‌و ئاوەدانی"یەی وەعد بوو بۆ خەلکی بینێ، شوینەواریك بەدی بکرێ. بەلام لە بەرامبەردا، زیندانەکان، گۆرستانەکان، ئەو زنجیرو کۆتانەی رۆژیك لە دەست‌و پیی خۆمان دامان مالین، بە پانایی هەموو ئیران، گەورەو بەرین بوونەتەوە. هەر ناوی هیندیك قەیران‌و دیاردەی کۆمەلایەتی‌و ژمارەی قوربانی‌یەکانیان، بۆ وینە ئیعتیاد، لەشفروشی، خۆکوژی، راکردن لە ولات، ئەیدزو . . . بەهاسانی پیمان دەلین ئیران لە سیبەری حکوومەتیك‌دا کە بە ناوی ئەللاو بە سروودی ئەللاهوئەکبەر هاتە سەرکار، بووە بە چ جەهەننەمیك.

بەلام با لە هەق لانەدەین. هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەو هەمووە ژارو زوخاوەی دەرخواردی خەلکی ولاتەکەمانی داوە، قازانجیکی زۆر گەورەشی بۆ ئیران‌و ئیرانی‌یەکان هەبووە. ئەویش ئەو دەرسە گەورەیە، کە بۆ حەفتا پشتیان عاقل بن‌و جاریکی دیکە ریگا نەدەن هیچ کەس یا تاقمیك بە ناوی دین‌و ئایین‌و ئیدئۆلۆژی‌یەکی تایبەتەوە ـ با ئەو دینە دینی زیاتر لە سەدی ٩٠ی هاونیشتمانانیان، دینی پیرۆزی ئیسلامییش بێ ـ فەرمانرەوایی‌یان بەسەردا بکا.

*١) و ٢) ئەم دیرانە لە فارسی‌یەوە کراون بە کوردی. فارسی‌یەکەیان بەم جۆرەیە:*
*ز اشك یتیمانت، از خون شهیدانت، فردا که بهار آیاد، صد لاله ببار آید.*
*فردا که بهار آید، آزاد و رها هستیم، نه ظلم و نه زنجیری در اوج خدا هستیم.*

# نیکیی کەریمی لە فستیڤالی فەجردا



بە پیی هەوالی هەوالدەریی ئیرنا، لە بیست‌و یەکەمین فستیڤالی سالانەی فیلمی فەجردا، نیکی کەریمی سەبارەت بە بەشداریی سەرکەوتووانەی لە فیلمەکانی "دژکردەوەی پینجەم"و "شیتیك لە قەفەس دەرپەری"، وەك باشترین ئەکتەری ژن هەلبژیردراو "حەبیب رەزایی" بە بۆنەی بەشداری لە فیلمی "لیرە چرایەك دایسێ"دا خەلاتی باشترین ئەکتەری پیاوی پێبرا.

فیلمی "شیتیك لە قەفەس دەرپەری"، ئەحمەد رەزا موعتەمیدی دروستی کردووەو کۆمەلیك ئەکتەری بە توانای وەك عیزەتوللا ئینتیزامی، عەلی نەسیریان، پەرویز پەرەستوویی‌و نیکی کەریمی تیی‌دا بەشدار بوون. ئەکتەرە ژنەکە (نیکی کەریمی) لەلایەن زرمامیەوە ناچار دەکرێ لە میردەکەی جیا بیتەوە تا بە قیسمەت پیاویکی دۆستی ئەو مامە رەفیقدۆستەی! بێ.






پیویستە بگوترێ ئەمساڵ هەژدەهەمین فستیڤالی موسیقیی فەجریش بە بەشداریی دەیان گرووپی موسیقیی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیران بەریوە چوو. گرووپی موسیقیی "دالاهۆ" کە لە کۆمەلیك ژن‌و پیاوی هونەرمەندی کورد پیك هاتووە بایەخ بە موسیقیی کوردی دەدا، لەم فستیڤالەدا درەوشانەویەکی سەرنج راکیشی هەبوو.

# ژیان لە سیبەری داگیرکەران لە "ئیرادەی خوداوەند"دا







"ئیرادەی خوداوەند" (مشیت الهی) فیلمیکی سینەمایی‌یە کە دەرهینەری فەلەستینی "ئیلیا سلەیمان" دروستی کردوە. لەو فیلمەدا هەوڵ دراوە شوینەوارەکانی ژیان لە سیبەری داگیرکەردا پیشان بدرێ. ئیلیا سلەیمان دەلێ: ئامانجی ئەم کۆمیدیەیە رەشە کە رووداوەکان لەودا بە شینەیی دەچنە پیش‌و دیالۆگی کورت‌و بیدەنگیی دریژخایەنی تێدایە، ئاشنا کردنی بینەر لەگەڵ ژیانی رۆژانەی ناوچەیەك لە نیوان قودس‌و رامەللا دایە.

ئیلیا سلەیمان لە هیندیك دیمەندا، رووداوەکانی وەك هیرش بردن بۆ سەر داگیرکەر بە هۆی کۆکتیل مۆلۆتۆفەوەو پشکنین لە پرسگەکانی ئەرتەشی ئیسرائیلدا، زۆر بە ئارامی‌و شینەیی پیشان دەدا. ئەو دەرهینەرە دەلێ: تەنانەت لە پرمەترسیترین شوینەکانی جیهانیشدا خەلك لەگەڵ رووداوی نائاسایی رادین. بە گوتەی ئیلیا سلەیمان ئەو فیلمە لە روانگەیەکی جیاوازەوە سەیری تیکهەلچوونەکان دەکا. دەرهینەری "ئیرادەی خوداوەند"، فیلمەکەی وەك چیرۆکی خۆشەویستی‌و دەردو رەنجیش ناوبردوە.

"ئیرادەی خوداوەند" کە لە فستیڤالی "کان"دا خەلاتی نیونەتەوەیی رەخنەگرانی وەرگرت، دەیتوانی ببیتە کاندیدای خەلاتی ئوسکار، بەلام بەرپرسانی هەلبژاردنی کاندیداکانی خەلاتی ئوسکار ئامادە نەبوون ئەو فیلمە وەك کاندیدای باشترین فیلمی خاریجی قبووڵ بکەن. ئەو تاقمە کە پەیرەوی لە ریبازی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن، ئامادە نین فەلەستین وەك ولاتیك چاو لی‌بکەن.

فیلمی "ئیرادەی خواوەند" لە بیست‌و یەکەمین فستیڤالی سالانەی فەجردا لە نیو فیلمە خاریجی‌یەکاندا دیپلۆمی شانازیی ئەو فستیڤالەی کردە هی خۆی.

سایتی **B.B.C Persian**

# ڤالێنتینا

## لە ئیرانی ئیسلامی‌دا!

هیزی ئینتیزامیی کۆماری ئیسلامی بە قەدەغە راگەیاندنی فرۆشتنی کارتی پیرۆزبایی تایبەت بە رۆژی "خۆشەویستی" (Valentine)و لابردنی دیکۆراسیۆنەکانی تایبەت بەو رۆژە لە ویترینی دوکانەکان، "بەپیشوازی" رۆژی ١٤ی فیوریە (رۆژی ئاشقان)ەوە چوو!

رۆژی ٢١ی ریبەندان، لە کاتیکدا فرۆشگەکانی شیمالی تاران بە دیاری‌و کارت پستالەکانی تایبەت بە رۆژی Valentine رازابوونەوەو لاوان بە گەرم‌و گوری‌و تامەزرۆیی‌یەوە بە پیشوازی ریورەسمی ئەو رۆژەوە دەچوون، هیزی ئینتیزامیی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی "پیشگیری لە بلاوبوونەوەی فەرهەنگ‌و بایەخە رۆژئاوایی‌یەکان" دەستووری‌دا "ئەو دووکان‌و بازارە کۆبکریتەوە".

مینا کچیکی ١٨ سالە کە کارتی ڤالینتینای بۆ دلدارەکەی کریبوو، لەم پیوەندی‌یەدا بە هەوالدەریی ئاسۆشیتیدپریسی گوت: "ئەوان لەگەڵ ئەوین‌و خۆشەویستی بیگانەن. ئەوان نایانەوێ ئیمە شاد بین. بۆیە دژی ئەو رۆژە خۆشەن".

پووشپەری ٢٣ ساڵ لەوە پیش، شاملووی نەمر لە سەردەمیکدا کە دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی نیوەرۆکی کۆنەپەرستانەو ریوشوینە دواکەوتووانەکانی ریژیمەکەیان ئاشکرا کرد، لە شیعریکدا گوتی:

**دین بۆن بە دەمتەوە دەکەن**
**نەکا رۆژیك وتبیتت خۆشم دەویی**
**دین بۆن بە دلتەوە دەکەن**
**رۆژگاریکی سەیرە گولم**
**خۆشەویستی لە دارتەلی قەراخ**
**ریگەی بەربەست کراو شەتەك دەدەن**

**دەیدەنە بەر قەمچی‌و شەللاق**
**دەبێ ودمی خۆشەویستی لە کەلین‌و پەسیوی ماڵ پەستیون،**
**بشارنەوە.**



ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین ئەو کچ‌و کورە گەنجانەی کە یەکتریان خۆش دەوێ، لە سزاو تەمبیی پاریزەرانی کۆنەپەرستی، لە ئەمان دا نین.

بەلی لە قامووسی دەسەلاتدارانی دڵ‌و دەروون کویرو فرچك دراو بە رق‌و نەفرەت‌دا، خۆشەویستی قەدەغەیە!

## مرواریی دەریای وشە

✍ **ئەوکاتەی ئەوین‌و حەزو ئاوەزەکان دادەمرکین، زۆر ناکامی‌و پەشیمانی سەر هەڵدەدەن. جا لیرە بەدواوە گنجە خەماوی‌یەکان روخسارە گەش‌و هەوەس بزوینەکان دادەگرن. بەلام مخابن تازە رەورەوەی تەمەن ناگەریتەوە.** ئالبیرتۆ مۆرۆوایا، نووسەری ئیتالیایی

✍ **دلداری، ئەو رووداوەیە کە بۆ ژن‌و پیاویکی یەکتر نەناسن، دیتە پیش.** سامریست موام، نووسەری ئینگلیسی